دێموٚکراسی بۆ ئێران      خودموختاری بۆ کوردستان

# کوردستان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموٚکراتی کوردستانی ئێران

١٥ی سەرماوەزی ١٣٨١   ٦ی دێسامبری ٢٠٠٢   ژمارە ٣٥٤   ١٥٠ تمەن



## جیێژنتــــان پیــــرۆز

بـە بۆنـەی هـاتنی جێژنـی پـیرۆزی رەمەزانـەوە، پیرۆزبـایی گـەرمی خۆمـان پێشکێشـی موسوڵمانانی جیهان بە گشتیو موسوڵمانانی کوردستانو ئێران بە تایبەتی دەکەین.

هیواداریین جێژنی رەمەزانی ئەمساڵیش، ببێ بە بۆنەیەکی دیکە بـۆ لێـك نزیـك بوونـەوەی دڵەکانو پتەوتر بوونی برایەتیو یەکیەتیی نێوان رۆڵەکانی گەلەکەمان. بە ئاواتی ئەو رۆژەی کـە لە ئاکامی هەوڵو خەباتی گشت

یدا، سێبەری ستەمو دیکتاتۆری لەسەر گەلو وڵاتەکەمان لابچێو جێژنو بۆنە خۆشـەکانمان، پێکەوە لەگەڵ ئازیزانماندا لە دەوری یەکترو لە زێدو دیارو وڵاتی خۆمان بکەین.

دەستەی نووسەرانو کارگێڕانی "کوردستان"

# با نەهێڵین خوێندکارانی ئازادیخوازی ئێران، جارێکی دیکە بەتەنیا بمێننەوە

### بەیاننامەی دەفتەری سیاسی

## بە بۆنەی ١٦ی سەرماوەز، رۆژی خوێندکارانەوە

**هاونیشتمانە بەڕێزەکان!**

**خەڵکی خەباتگێڕی کوردستان!**

**خوێندکارانی خۆڕاگرو خەباتکاری ئێران!**


لە رەوتی خەباتو بزووتنەوە خوێندکاریـیـەکانی ئـێراندا، رۆژی ١٦ی سـەرماوەز وەك رۆژی خوێندکاران ناودێر کراوە. تا هەم رێز لە بـیرەوەریی شـەهیدانی رۆژی ١٦ی سـەرماوەزی ١٣٣٢ی هـەتاوی بگـیرێو هـەم بـەڕێزەوە جێگـەو پێگـەی بزووتنـەوە خوێندکاریەکان لە قۆناغە جۆراوجۆرەکانی خەباتی خەڵکی ئێران لە پێناوی ئـازادیو مافە ئینسانییەکانیاندا، هەڵ سەنگێندرێو توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵانی خـەڵکی ئێران پشتیوانیی خۆیان سەرلەنوێ لە داخوازە سـینفیو سیاسـییەکانی خوێندکـاران، رابگەیەننەوە.

بە بۆنەی ١٦ی سەرماوەز رۆژی خوێندکارانەوە، پیرۆزبایی لە هـەموو خوێندکـارانی خەباتگێڕو ئازادیخوازی وڵات دەکەینو سەرکەوتنیان لە وەدیهێنانی دیموکراسیو خـەبات بە دژی دیکتاتۆریدا، بە ئاوات دەخوازینو لە سەر پشتیوانیی هەموو لایەنەو بێدرێغـی حـیزبی دیموکراتـی کوردسـتانی ئـێران لـە بزووتنـەوەی خوێندکـاریو حەرەکەتـە ئیعتیرازییەکانی ئەوان بە مەبەستی جێگیر کردنی حکوومەتێکی گەلی، پێدادەگرینەوە.

زانستگە وەك ناوەندێکی زانستی ـ فەرهەنگی کە لـە بـەرەوژوور بردنـی ئاسـتی تێگەیشتنی گشتیو پێگەیاندنی بەشی هەڵبژاردەی لاواندا خاوەن نەخشە، جێگایـەکی تایبەتی هەیە. خوێندکارانیش وەك توێـژی ئاگـاو هیواوهومێدی داهـاتووی کۆمـەڵ سەیریان دەکرێ. ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە لـە بـارەی زانسـتگەو خوێندکـار ئەگـەر لـە وڵاتانی پێشکەوتووو دیموکراتدا بە کردەوەو بـە ئاشـکرا دەبیـنرێ، لـە وڵاتـانی ژێـر دەسەڵاتی دیکتاتۆرە جۆراوجۆرەکاندا، بە شێوەیەکی زۆر زەقتر بەرچاودەکەوێو ئەرکو نەخشی زانستگەو خوێندکار زۆر لەوە گرنگترو بەنرخترە. چونکە ئەو ناوەندە زانستیو پەروەردەییانە، هـەموو کـات لـە روونکردنـەوەی بـیروڕای گشـتیو ئامـادە کـردنو پێگەیاندنی هەڵسووڕێنەرانی داهاتووی کۆمـەڵدا نەخشـێکی بنیاتنـەرو کاریگـەریان هەیەو لە رێگای بەرەوپێشبردنو بـەختیاریی کۆمـەڵ، بـەردەوام لەگـەڵ دیکتـاتۆریو کۆنەپەرستیدا کە پشکووتنی نەسلی لاوو بەرەوژوور چوونـی ئاگـایی گشـتیی ئـەوان لەگەڵ درێژەی دەسەڵاتی خۆیان لە ناتەباییدا دەبینن، لە بەرامبەر یـەکدا رادەوەسـتن. هـەر بۆیـە خوێندکـاران لـە هەلومـەرجێکی ئـەتۆدا وەك توێـژی پێشـەنگی کۆمـەڵ دەجووڵێنەوەو، دەبن بە هاوارە کـپ کراوەکـانی رۆڵـەکانی گـەلو وڵاتـی خۆیـانو بـە سیمبۆڵو هەڵگری داخوازەکانی کۆمەڵ دەناسرێن. بە سەرنجدان بەو راسـتییە بـوو کـە کۆماری ئیسلامیی ئێران بە دوای هاتنە سەرکارو دانانی بناغەکانی رێژیمی ویلایـەتی فەقیـهی، لـە پێـشدا دەرگـای زانسـتگەکانی داخسـتو پێشـی پێکـهاتنی کـۆڕو کۆبوونەوەکانی خوێندکارانی گـرت. پاشـان کەوتـە هـەوڵی وەدەرنـانی مامۆسـتایانو خوێندکارانی ئازادیخوازو ئازادبـیر لـە زانسـتگەو، بـۆ رێکخسـتنەوەی خوێندکـارانو دیاریکردنی داخـوازە سـینفی، کۆمەڵایـەتیو سیاسـییەکانی ئـەوان لـە چوارچێـوەی بیروباوەڕەکانی خـۆیدا تێکۆشـاوە، تـا بـەمجۆرە بزووتنـەوە خوێندکارییـەکان بکاتـە خزمەتکاری رێژیمی دیکتاتۆرو کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی. ئەوەش شتێك بوو کـە لەگەڵ نەفسی هەبوونی زانستگەو تایبەتمەندییە خوێندکارییەکان ناتەبایی هەبوو.

پابەند بوونی زانستگەو خوێندکار بە ئەرکی مێژوویـی خۆیـان، رێژیمـی کۆمـاری ئیسلامیی لە کۆنترۆڵ کردنی بزووتنەوە خوێندکارییەکاندا لە گـەڵ شکسـت بـەرەروو کردو بوارێکی باشی بۆ جموجۆڵو پێشەنگ بوونی ئەو توێـژە ئاگـاو رووناکبـیرە پێـك هێنـاوەو، رێگـای نـەدا کـە جموجـۆڵو داخوازەکـانی خوێندکـاران لــە چوارچێـوەی مەبەستەکانی رێژیمو کۆمەڵەو رێکخراوەکانی ژێر کۆنترۆڵی ئەودا، بەربەست بکرێ. ٢

## لە چوارەمین سالـرۆژی تیــــرۆری فــــرووهەرەکاندا





پەرەستوو فرووهەر

رۆژی ١ی سەرماوەز، لـە چوارەمـین سـالرۆژی کوژرانی فرووهەرەکاندا، هەزاران کـەس لـە تـاران، مەشـــهەد، ئیســـفەهان، شـــیراز، ئـــەهوازو شارستانەکانی دیکە، بە یـادی ئـەو تیکۆشـەرانەی ریگای ئازادیی ئیران لیك کۆبوونەوەو ریزیان لەوانو قوربانییەکانی دیکەی قەتلە زنجیرەیییەکان گرت.

لە ریورەسمی تاراندا، پەرەستوو فرووهەر کچـی داریوش فرووهەرو پەروانە وتاریکی لـە ژێـر نـاوی "راپۆرت بۆ میللەت"دا خویندەوەو گوتی چوار ساڵ دوای تیرۆری فرووهەرەکانو موختـاریو پوویـەندە، دەزگای قەزاییو دادگوستەری دەستوور دەرانی ئـەو قەتڵانەیان نەناساندوە. ئـەو داوای لـە خـەڵك کـرد پشتیوانی لە کەسوکاری قوربانییەکان بکـەن. هەروەها داوای کرد دەقی ئەو دادنامەیـە کـە لەو پیوەندییەدا بۆ کۆمیسیۆنی مافی مـرۆڤ نووسراوە، ئیمـزا بکـەن تـا سـکاڵای ئـەوان، ئیستا کە لە ئـیراندا لیـی ناپرسریتەوە، لـە ناوەندە نیونەتەوەیییەکاندا لیی بکۆلریتەوە.

ریورەسمەکانی یادکردنەوەی فرووهـەرەکان لـە تـارانو شـارەکانی دیکـەش کەوتنـە بـەر هیرشـــــی بەســــیجییەکانو تاقمـــــە بـــەکریگیراوەکانی دیکـــەی دەســـەڵاتداران. پەرەســتوو فرووهـــەر لەلایـــەن لیبـــاس شەخسییەکانەوە هیرشی کرایە سەرو بە هـۆی گازی فرمیسك هینـەرەوە تووشـی نارەحـەتی کـرا. موهـەندیس سـەحابی لیـی دراو بێحورمەتیی پێکرا. فـەریبورز رەئیس دانا لەلایەن سـەعید عەسکەرەوە (ئەو کەسـەی تەقەی لە حەجاریان کرد) هەرەشەی کوشتنی لی کـرا. بـەو حالـەش خـەڵك لـە هـەموو ریورەسـمەکاندا چـوار سـالەی تـیرۆری فرووهـەرەکانیان کـرد بـە دەرفـەتیك بـۆ هینانـەگۆری داوای دیمۆکراسـیو ئـازادیو دروشـمەکانی "ریفرانـدۆم، ریفرانـدۆم"و "زیندانییە سیاسییەکان دەبێ ئازاد بکرین".

## سکرتیری گشتیی حیزب لە سەفەریکدا بۆ لەندەن چاوی بە ژمارەیەك کەسایەتیی گرنگی ئەو وڵاتە کەوت

لە رۆژانی ٢٥ تا ٢٧ی نوامبردا، هـاوریی تیکۆشـەر عـەبدوڵلا حەسەنزادە لە شاری لەندەن چاوی بە ژمارەیەك کەسایەتیی سیاسیی گرنگی ئەو وڵاتە کەوت. بـەریزان لـۆرد ئیڤیبری سـەرۆکی گرووپـی پارلمانیی ئینگلیستان، "ستان نیونز" سـەرۆکی ریکخـراوی ئـازادی (لیبراسـیون)و "لویـی ئـەیالا" سـکرتیری گشـتیی ئەنتیرناسـیونال سوسیالیست لەو کەسایەتییانە بوون کە لەگەڵ سـکرتێری گشـتیی حیزب دیدارو چاوپێکەوتنیان هەبوو. لەو دیدارانـەدا بـارودۆخی ئـێرانو کوردسـتانو کێشـەکانی ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاسـت هاتنـە بـەرباسو ئـاڵوگۆڕی بیروڕایـان لەسـەر کـرا. راپۆرتی ئەم دیدارانەو چەند کۆبوونەوەی دیکەی هاوڕێ سکرتێری گشـتی هـەر لـەم ژمارەیەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە.

## لەم ژمارەیەدا

تێکۆشان لە دەرەوەی وڵات ٣

داریووشو پەروانە دوو شەهیدی رێگای ئازادی ٤

ئاورێك لە پەیامو دروشمەکانی جووڵانەوەی ئەم دوایانەی بزووتنەوەی خوێندکاری ٤

لە رۆژی جیهانیی کەم ئەندامانداو یادێك لە کەم ئەندامانی کوردستان ٨

بە بۆنەی پەسند کردنی جارنامەی مافی منداڵانەوە ٨

ئایا رەوایە مافەکانی مرۆڤ بخرێتە بازنەیەکی بەرتەسکەوە ٩

رووناکبیرانی کوردستانی ئێرانو قۆناخی نوێی خەبات ٩

چ ریفراندۆمێك؟ ١٠

## ٣٠ی نوامبر رۆژی جیهانییبەربەرەکانی لەگەڵ حوکمی ئیعدام



٣٠ نوامـــبر (٩ی ســـەرماوەز) وەك رۆژی جیـهانیی بەربـەرکانی لەگـەڵ حوکمـی ئیعـدام دیاری کراوە. ئەم دەستپیشخەرییە کە هەنگاوی یەکـەمی لەلایـەن ریکخـــراوە کاتولیکـــەکانی ئیتالیـــاوە هـــەڵگیراوە، ئیســـتا لەلایـــەن زۆر ریکخراوی نادەولەتیی دنیاوە بۆ وینە ریکخراوی نیونەتەوەیی لیبووردنو فیدراسیۆنی نیونەتەوەیی داکۆکی لە مافی مرۆڤ پشتیوانیی لی دکرێ.

زیاتر لە ٢٠٠ سـاڵ لەمەوبـەر واتـە سـالی ١٧٨٦ لـــە ٣٠ی نوامـــبردا، دوك نشـــینی "توستان" لە ئیتالیا کە دەولـەتیکی سـەربەخۆ بوو، بۆ یەکەم جار لە میژوودا حوکمی ئیعدامی هەڵوەشـاندەوە. هـەر بۆیـە ئـەم رۆژە بـۆ ئـەم مەبەستە دیاری کراوە.

بـە گویـرەی راپۆرتـی ریکخـراوی نیونەتـەوەیی لیبووردن، لە ١٩٥ وڵاتی دنیا، ١١١ وڵات بە کردەوە حوکمی ئیعدام بـەریوە نابـەن. لەسـەر یـەك هـەموو وڵاتانی ئورووپاییو هەموو وڵاتانی ئـەمریکای لاتـین جگە لە کووبا، لەو ریزە دان. لە رووسیەش لە ٦ ساڵ لەمەوبەرەوە، هیچ کەس ئیعدام نەکراوە. تورکیەش ٤ مانگە ئەم حوکمەی هەڵوەشاندۆتەوە. لەو ٨٤ وڵاتەی کە هەروا کەلك لە سزای ئیعدام وەردەگرن، وڵاتی چین مـەقامی یەکـەمی هەیـە. لـە سـالی ٢٠٠٠دا، لـە ٤٧٠٠ سزای ئیعدامـی قـانوونی لـە دنیـادا، ٣٥٠٠ یانی سەدی ٤٧یان لە چین بەریوە چوون. وڵاتـانی وەك ئیران، ئەفغانستان، عەرەبستانی سـعوودی، تـایوانو روانـداش لـە سـالی رابـردوودا، هـەر یەکـەی دەیـان کەسیان ئیعـدام کـردووە. لـە وڵاتـە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش لە ماوەی ٢٥ سالی رابردوودا ٨٠٠ کەس ئیعـدام کـراونو ٣٧٠٠ کەسـیش چـاوەریی حوکمـی ئیعدامن. یەکیك لەوانەی دەستیان لە نـاودیر کردنـی ٣٠ی نوامـبر وەك رۆژی جیـهانیی ئیعـدامدا هەیـە، گوتـی بـەم جـۆرە دەمانـەوێ بـە جیـهان بلیـن کـە ئیعدامیش وەك ئەشکەنجەو کویلەداری،هی رابردوویەو دەوری بەسەر چووە.

بەشی فارسی رادیۆی نیونەتەوەیی فەرانسە

### بەیاننامەی دەفتەری سیاسیی حیزب

# بە بۆنەی ١٦ی سەرماوەز رۆژی خوێندکارانەوە





درێژەی لاپەڕ١

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە تێگەیشتن لەو راستی‌یە تاڵەو ناکام مانەوە لە دەستەمۆکردنی بزووتنەوەی خوێندکاراندا، فەزای سەرکوتو خەفەقانی لە زانستگەکاندا زاڵ کردو سەرئەنجام شوورەیی هێرشو دەستدرێژی بۆ سەر شوێنێکی پیرۆزی وەك زانستگەی بە هێرش کردنە سەر خوێندکارانی زانستگەی تاران لە ١٨ی پووشپەڕی ١٣٧٨دا، بۆخۆی کڕی. ڕووداوێك کە نەك هەر تووڕەیی‌و بێزاریی زانستگەو خوێندکاران بەڵکوو رقو نەفرەتی هەموو توێژەکانی خەڵکی ئێرانی وروووژاند. بە دوای ئەو هەنگاوە سەرکوتکەرانەیەدا بوو کە ژمارەیەکی زۆر لە خوێندکاران لە خوێندنو ژیانی خوێندکاری دابڕانو ژمارەیەکی بەرچاویش گیرانو ڕەوانەی زیندان کرانو حوکمی زۆر زاڵمانەیان بەسەردا سەپێنرا. لە بەرامبەردا ئەوانەی هێرشو پەلاماریان بردبووە سەر زانستگە، لە لایەن جڵەوبەدەستانی رێژیمەوە خەڵات کرانو پەروەندەی ئەم کردەوە پڕ شوورەیی‌یە، سەرەڕای بەڵێنەکانی بەرپرسانی رێژیم لە بارەی لێکۆڵینەوەو سزادانی بەرێوەبەرانو تاوانباران، پشت گوێ خرا. ئەو رەفتارە پڕ لە سووکایەتی‌یە بەرامبەر بە خوێندکارانو بزووتنەوەی خوێندکاری، بوو بە هۆی ئەوە تا دەمامك لە سەر روخساری قۆڵی ناسراو بە ریفۆرمخوازانی نێو دەسەڵات، کە لافی پشتیوانی لە خوێندکاران و لایەنگری لە داخوازەکانی ئەوانیان لێ‌دەدا، لابچێ‌و بزووتنەوەی خوێندکاری بە دوور لە ململانێی نێو دەسەڵات پێ‌بنێتە سەر رێگای راستی خۆی بەرەو وەدیهێنانی ئامانجە ئەسڵی‌یەکانی خەڵکی ئێران.

مانگرتنو خۆپێشاندانەکانی ئەم یەك مانگەی دوایی، بەربڵاوی‌و بەربەرینی‌یەکەیانو ئەو دروشمانەی لەواندا دراون، نیشاندەری ئامانجخوازیی زیاترو گەڵاڵەبوونی هەرچی پتری ئامانجەکانی بزووتنەوەی خوێندکاری‌و هەنگاونانی ئەو بزووتنەوەیە بەرەو ئەو رێگایەیە کە گوێ بە کەمترین قازانجو بەرژەوەندی رێژیمی دیکتاتۆری ویلایەتی فەقیهی نەداو خەریکە ئاسۆو نێوەرۆکێکی تازەی پەیدا دەکا. بە جۆرێك کە ئیدی لە هێندێك داخوازی سینفی‌و تەنانەت کۆمەڵایەتی‌و سیاسیی بەرتەسك‌و کەم لە چوارچێوەی قانوونی ئەساسیی پڕلە ناتەبایی کۆماری ئیسلامی‌دا، دەرچووەو داخوازە رەواکانو ئامانجە بەرزو سەرەکی‌و راستەقینەکانی گەلانی ئێران واتە دیمۆکراسی‌و ئازادی‌یە فەردی‌و کۆمەڵایەتی‌یەکانی هەموو خەڵکی وڵات، داوا دەکا. حەرەکەتە ئیعترازی‌یە بەربڵاوەکانی خوێندکاران کە بەدوای دەورەیەکی سێ‌ساڵە لە سەرکوتدا دەستی پێ‌کردوە، جارێکی دیکە ئەو راستی‌یەی دەرخستەوە کە سەرکوتو توندو تیژی بە دژی خوێندکارانو پیلانە رەنگاورەنگەکان بۆ تێك شکاندنی بزووتنەوەی خوێندکاری، ناتوانێ ئەو بزووتنەوەیە لە رێی خۆی لاداو خوێندکارانی خەباتگێڕو پێشکەوتنخواز لە درێژەدانی ئەرك‌و بەرەوپێش بردنی ئەو رەسالەتەی کە لە بەرامبەر خەڵکی ئێرانو داهاتووی ئێراندا کەوتۆتە سەرشانیان، بگێڕێتەوە.

بەوحاڵەش، بەسەرنجدان بە هەڕەشە راشکاوەکانی ئەم دوایی‌یانەی خامنەیی لە بزووتنەوەی خوێندکاری‌و ناوبردنی خوێندکارانی خەباتگێڕ وەك فاسید، دوور نیە کە هەڵکوتانە سەر بزووتنەوەی ئێستای خوێندکاری، توندتر لە جاران درێژەی هەبێ‌وگرتنو زیندانی کردنی خوێندکارانی خەباتگێڕ چوارچێوەیەکی بەرینتر بە خۆیەوە بگرێ. بە تایبەتی کە قۆڵی پاوانخواز لە بەرەورووو بوونەوەی توندوتیژانەی خۆی لەگەڵ ئەم بەشە لە خوێندکاراندا، لە بێ‌تەفاوەتی‌و دەست لەسەر دەست دانانی قۆڵی ناسراو بە ریفورمخوازو پشتیوانی نەکردنی کاریگەریی ئەوان لەو بزووتنەوەیە ئاگادارەو راسپێری‌یە پەیتا پەیتاکانی خاتەمی بۆ خوێندکاران بە مەبەستی کۆتایی هێنان بە مانگرتنو خۆپێشاندانە ئیعترازی‌یەکانی ئەم دوایانەیانو خۆبواردنی ناوەندو دامەزراوەکانی ژێر فەرمانی وی لە دەرکردنی ئیجازە بۆ پێکهاتنی کۆڕو کۆبوونەوە خوێندکاری‌یەکان، بە جۆرێك هاودەنگی‌و هاوهەنگاویی ئەو قۆڵە لەگەڵ توندڕەوەکانو کۆنەپارێزان لە سەرکوتی توندتری بزووتنەوەی خوێندکاری‌و خوێندکارانی خەباتگێڕدا، دەزانێ. جگە لەمە رێژیم لە تەواوەتیی خۆی‌دا هەوڵ دەدا تا ئەگەر ئەو حەرەکەتە ئیعترازییانەی خوێندکاران درێژەی کێشا، کۆڕو کۆبوونەوەکانی ئەوان لە چوارچێوەی زانستگەدا بێڵێتەوەو ئەوان لە هاودەنگی‌و رەگەڵ کەوتنی توێژەکانی دیکەی کۆمەڵ بێ‌بەش بکا.

لە هەلومەرجێکی وادا کە بزووتنەوەی رۆژ بە رۆژ پەرەئەستێنی خوێندکاران خەریکە نەخشی راستەقینەی خۆی لە خەبات بە دژی سەرەڕۆیی‌دا دەبینێ‌و رێژیمی کۆماری ئیسلامییش بە گوێرەی نێوەڕۆکی دژ بە ئازادیی خۆی، درێژە بە سەرکوتی ئەو بزووتنەوەیە دەدا، جێی خۆیەتی کە بزووتنەوەی خوێندکاران بۆ پاراستنی یەکدەنگی‌و هاوپێوەندیی خوێندکارانی زانستگەکانی سەرانسەری وڵات، زیاتر لە پێشوو تێ‌بکۆشێ‌و وەك هۆکارێکی بەرگێڕەوە لە بەرامبەر سەرکوتو توندوتیژیی رێژیمدا کەڵك لە یەکپارچەیی‌و یەکیەتیی ریزەکانی وەربگرێ. توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵیش لەسەر شانیانە کە نەهێڵن بزووتنەوەی خوێندکاری لە بەربەرەکانی لەگەڵ رێژیمدا، بەتەنیا بمێنێتەوەو رێگا نەدەن کە رێژیم، بزووتنەوەی خوێندکاری لە هاودەنگی‌و پشتیوانیی ئەوان بێ‌بەش‌و بزووتنەوەکە سەرکوت بکا.

جێی خۆیەتی لە هەلومەرجێکدا کە راگەیەنەکانو رۆژنامەکانی بەستراوە بە رێژیم لە راگەیاندنی راستی‌یەکانی پێوەندیدار بە جموجۆڵەکانی ئەم دوایانەی بزووتنەوەی خوێندکاری خۆدەبوێرن یا بە پێچەوانەیان پێشان دەدەن، رێکخراوەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بۆ ئاگادارکردنەوەی بیروڕای گشتی‌و گەیاندنی هەواڵەکانی پێوەندیدار بە بزووتنەوەی خوێندکاری، پتر تێ‌بکۆشن. لەو پێوەندی‌یەدا بەجێ‌یە کە کۆڕوکۆمەڵە نێونەتەوەیی‌یەکانی لایەنگری مافی مرۆڤ‌و لایەنگرانی دیمۆکراسییش سەبارەت بە رەفتاری توندوتیژو سەرکوتکەرانەی کۆماری ئیسلامیی ئێران دژی خوێندکارانی ئازادیخواز، بێ‌تەفاوت نەبنو بە فشار هێنان بۆ کۆماری ئیسلامی، ئەو رێژیمە لە درێژەی سەرکوتی ئازادیخوازانی ئێران بگێڕنەوە.

گومانی تێدا نیە کە خوێندکارانی کورد لە زانستگەکانی سەرانسەری ئێران، لەگەڵ ئەرکی خۆیان لە بەرامبەر بزووتنەوەی ئێستای خوێندکاراندا ئاشنانو بە پشتیوانی‌و بەشداریی چالاکانەی خۆیان، وێڕای هێنانە گۆڕی داخوازەکانی گەلانی ئێران بە تایبەتی گەلی کورد، ئەرکەکانی خۆیان لەم پێوەندی‌یەدا، بەجێ دەگەیەنن.

جارێکی دیکە بە بۆنەی رۆژی خوێندکارانەوە، لە سەر پشتیوانیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە بزووتنەوەی خوێندکاری‌و مانگرتنو خۆپێشاندانەکانی ئەم دوایی‌یانەی خوێندکارانی خەباتگێڕو ئازادیخواز پێ‌دادەگرینەوەو سەرکەوتنی خوێندکارانی خەباتگێڕ لە گەیشتن بە ئازادی‌و دیموکراسی‌و مافە رەواکانی هەموو خەڵکی وڵاتدا بە ئاوات دەخوازین.

**دەفتەری سیاسیی**
**حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران**
**١٣٨١/٩/١٤**
**(٥ی دیسامبری ٢٠٠٢)**

## دیدارو چاوپێکەوتنەکانی سکرتێری گشتیی حیزب، هاوڕێی بەڕێز عەبدوڵڵا حەسەن‌زادە لە لەندەن

هاوڕێی تێکۆشەر مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن‌زادە لە درێژەی سەفەرەکەی خۆی‌دا بۆ دەرەوەی وڵات بۆ ماوەی سێ ڕۆژ (لە ٢٥ تا ٢٧ی نوامبری ٢٠٠٢) سەفەری شاری لەندەنی کرد. بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن‌زادە لە ماوەی ئەو سێ ڕۆژەدا وێڕای سەردانو چاوپێکەوتنی هاوڕێیانی حیزبی‌و کومیتەی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو ژمارەیەك لە کەسایەتی‌یە کوردو ئێرانی‌یەکان، لەگەڵ ئەو کەسایەتییانەش دانیشتنو چاوپێکەوتنی هەبوو:

**دیدار لەگەڵ سەرۆکی گرووپی پارلمانیی مافی مرۆڤ لە پارلمانی ئینگلستان**

بەڕێز مامۆستا لە ٢٥ی نوامبر چاوی بە بەڕێز لۆرد ئێڤبری (Lord Avebury)، سەرۆکی گرووپی پارلمانیی لایەنگری مافی مرۆڤ لە پارلمانی ئینگلستان کەوت. لەو چاوپێکەوتنەدا کە لە پارلمانی ئەو وڵاتە بەڕێوە چوو، هەردوو لا لەسەر بارودۆخی ئێرانو کوردستانو کێشەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بیروڕایان گۆڕیەوە.

بەڕێز لۆرد ئێڤبری وێڕای بەرز نرخاندنی هەڵوێستە بەجێ‌و ئوسوولی‌یەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پشتیوانیی لێبڕاوانەی خۆی لە ویستو داخوازە ڕەواکانی گەلی کوردو خەباتی گەلانی ئێران بۆ دامەزراندنو چەسپاندنی نیزامێکی دێموکراتیك لە ئێراندا دووپات کردەوە.

**دیدار لەگەڵ سەرۆکی ڕێکخراوی ئازادی (لیبراسیۆن)**

سکرتێری گشتیی حیزب رۆژی سێ‌شەممە ٢٦ی نوامبر سەردانی بەڕێز "ستان نیونز" (Stan Newens) سەرۆکی ڕێکخراوی ئازادی (لیبراسیون)و یەکێك لە نزیکترین دۆستەکانی دوکتور قاسملووی نەمری کرد. لە ماوەی ئەو چاوپێکەوتنەدا کە پتر لە سێ کاتژمێری خایاند، هەردوولا وێڕای ڕێزگرتنو یادکردنەوەی دوکتور قاسملووی نەمرو بەرز نرخاندنی کەسایەتیی ئەو ڕێبەرە لەدەست چوویەی گەلی کورد، بارودۆخی ئێستای کوردستانو گۆڕانکاری‌یەکانی ناوچەیان خستە بەرباس‌و لێدوان.

بەڕێز مامۆستا وێڕای شیکردنەوەی هەلومەرجی خەباتی رزگاریخوازانەی گەلی کوردو سەرجەم گەلانی ئێران تیشکی خستەسەر ئەو مەسەلەیە کە بەهۆی نێوەرۆکی دژی ئینسانی‌و نادێموکراتیکی ڕێژیمی ویلایەتی فەقیهـ لە ئێراندا هیچ هیواو هۆمێدێك بە ئیسلاحی نیزامو وەدیهاتنی ویستو داخوازەکانی گەلانی ئێران لە چوارچێوەی ئەو نیزامەدا بەدی ناکرێ‌و پاش ٢٣ ساڵ دەسەڵاتدارەتیی ڕەش‌و پڕ لە تاوانی ئەو نیزامە، ئەوڕۆ خەڵکی ئێران بەگشتی خوازیاری گۆڕینی ئەو سیستمە دژی گەلی‌یەو دامەزراندنی نیزامێکی دێموکراتیك بەجێی ئەو ڕێژیمەنو خۆشبەختانە بزووتنەوەی گەلانی ئێران بۆ ئەو مەبەستەش تازە بۆ دواوە ناگەڕێتەوەو ڕۆژ بەڕۆژ بەرەوپێشتر دەچێ.

بەڕێز ستان نیونزیش وێڕای پێ‌دا گرتن لەسەر بۆچوونەکانی مامۆستا، پشتیوانیی ڕێکخراوەکەی لە خەباتی گەلانی ئێران لە پێناوی وەدیهێنانی ئازادیی گەلانی ئێران بەگشتی‌و بەتایبەت ویستو داخوازە ڕەواکانی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران دووپات کردەوە.

**دیدار لەگەڵ بەڕێز لۆئیس ئەیالا، سکرتێری گشتیی ئەنتێرناسیۆناڵی سوسیالیست**

لە دانیشتنێکدا کە ئێوارەی سێ‌شەممە ڕێکەوتی ٢٦ی نوامبر بۆ ماوەی کاتژمێرێك لە ناوەندی ئەنتێرناسیونال سوسیالیست لە شاری لەندەن بەڕێوە چوو، سەرەتا هەردوولا لە پێوەندی لەگەڵ کۆبوونەوەی شووورای ئەنتێرناسیونالی سوسیالیستو کۆنگرەی نوێی ئەو ڕێکخراوەیە کە لە داهاتوویەکی نزیکدا بەڕێوە دەچێ‌و هەروەها بە ئاماژە کردن بەو باسانەی کە لە کۆبوونەوەی شووراو بەتایبەت لە کاتی کۆنگرەی داهاتووی ئەنتێرناسیونالدا بەڕێوە دەچێ‌و دێتە گۆڕێ، بیروڕایان گۆڕیەوە.

پاشان بەڕێز مامۆستا حەسەن‌زادە باسێکی گشتی‌و هەمە لایەنەی لەسەر بارودۆخی ئێرانو کوردستان، وەزعی کوردەکان، ڕەفتاری سەرکوتکەرانەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەهەموو بوارەکاندا وەك دەستبەسەر کردنی سەرەڕۆیانە، ئێعدام، ئەشکەنجە، داخستنی ڕۆژنامەکانو پەنا بردنەبەر زەبروزەنگو ڕەفتارو کردەوەی فاشیستی لە بەرامبەر ویستو داخوازەکانی گەلانی ئێراندا هێنایە ئاراوە.

بەڕێز لۆئیس ئەیالا وێڕای مەحکووم کردنی کردەوەکانی کۆماری ئیسلامی، ئاماژەی بەوە کرد کە ئەنتێرناسیۆناڵ سوسیالیست ناتوانێ ڕاستی‌یەکانی نێو کۆمەڵگای ئێران لەبەرچاو نەگرێ‌و وتی؛ تەنیا ڕێگای دامەزراندنی دێموکراسی‌و چەسپاندنی هێمنایەتی لە ئێراندا، پشتیوانی‌و داکۆکی لە بزووتنەوەی گەلانی ئێرانو هێزە دێموکراتەکانی ئەو وڵاتەیە.

بەڕێز ئەیالا لە کۆتایی‌دا بەناوی ئەنتێر ناسیۆناڵی سوسیالیستەوە پشتیوانیی دووبارەی ئەو ڕێکخراوەی لە خەباتی رزگاریخوازانەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێرانداو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەك ڕێبەری ئەو بزووتنەوەیەو نوێنەری راستەقینەی گەلی کورد دووپات کردەوە.

شایانی باسە لە ماوەی هەموو ئەو چاوپێکەوتنانەدا، هاوڕێیان خوسرەوی عەبدوڵڵاهی، نوێنەری حیزب لە دەرەوەی وڵاتو مەولوود سوارە، نوێنەری حیزب لە ئینگلیستان هاوڕێیەتیی سکرتێری گشتیی حیزب، بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن‌زادەیان دەکرد.

## بڕووخێ ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران

# تێکۆشان لە دەرەوەی وڵات

**نورویژ**

## کۆبوونەوەیەکی بەرینی سیاسی ـ تەشکیلاتی لە ئۆسلۆ

ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ١٧ی نوامبری ٢٠٠٢، کومیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وڵاتی نورویژ کۆبوونەوەیەکی بەرینی سیاسی ـ تەشکیلاتی بە بەشداریی هاوڕێی تێکۆشەر مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە، سکرتێری گشتیی حیزبەکەمانو بە هاوڕێیەتیی کاك جەلیل گادانی ئەندامی کومیتەی ناوەندیی حیزب لە یەکێك لە سالۆنەکانی شاری ئۆسلۆ پێك هێنا. لەو کۆبوونەوەیەدا کە پتر لە ٦ کاتژمێری خایاند، سەدان کەس لە ئەندامانو لایەنگرانی حیزب لە نورویژ بەشدار بوون.

بەرنامەکە بە سروودی نەتەوایەتیی "ئەی ڕەقیب"و ڕاگەیاندنی دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ ڕێز گرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی حیزبو گەل دەستی پێ کرد. پاشان بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە باسێکی تێروتەسەلی لە سەر هەلومەرجی سیاسیی ناوچەکەو هەروەها ئالوگۆڕەکانی ئەم دوایانە پێشکەش کرد. بەڕێز مامۆستا لە بەشێکی قسەکانیدا لە سەر بارودۆخی خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران قسەی کردو پاشان ئاماژەی بە ڕادەی ئامادەیی حیزبی دێموکرات بۆ کەلك وەرگرتن لەو ئالوگۆڕانەی کە ڕەنگە لە داهاتوودا روو بدەن، کردو سیاسەتی زلهێزەکانی لە ناوچەو هەلوێستی ئەوانی بەرامبەر بە کورد خستە بەر باسو لێدوان.

بەڕێز مامۆستا لە بەشێکیتر لە وتەکانیدا لە سەر ئەو ئەسڵە گرینگە پێی داگرت کە کورد پێویستە بۆ خۆی ببێتە فاکتورێکی گرینگ لە ناوچەکەو کێشەی سیاسیی هەر کام لەو وڵاتانەی کە کوردیان تێدایە. بەڕێز مامۆستا بۆ ئەم مەبەستەش، یەکیەتیی نێو ریزەکانی بزووتنەوەی کوردو یەکپارچەیی سیاسیو تەشکیلاتی نێو ریزەکانی حیزبی بە مەرجی بنەڕەتی دانا.

بە دوای مامۆستا بەڕێز کاك جەلیل گادانی باسێکی لە سەر کێشەکانی پێوەندیدار بە خەباتی میللی دێموکراتیکی گەلیو حیزبەکەمان پێشکەش کرد.

بەشی دووهەمو کۆتایی کۆبوونەوە بۆ پرسیارو بیروڕا گۆڕینەوە سەبارەت بە مەسەلە سیاسیو حیزبیو تەشکیلاتییەکان تەرخان کرابوو کە ئەم بەشە لە لایەن هاوڕێ کاك ئەحمەد جەهانگیرییەوە بەڕێوەبراو بەرێز مامۆستاش لەو بەشەشدا وڵامی پرسیارەکانی بەشدارانی دایەوە.

**دانمارک**

## بەڕێوەچوونی سمینارێکی ئینتەرنێتی

ئێوارەی ڕۆژی دووشەممە ١١ی نوامبری ٢٠٠٢، کومیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وڵاتی دانمارك سمینارێکی ئینتێرنێتی بۆ هاوڕێ ئاسۆ حەسەنزادە پێك هێنا. ئەو سمینارە کە بابەتەکەی بریتی بوو لە "چارەسەری کێشەی نەتەوایەتی لە ڕوانگەی یاسای نێودەوڵەتییەوە"، لە سەر سایتی "ئێرە دەنگی کوردستانە" پێك هێنا کە ٥ کاتژمێری خایاند.

سمینارەکە بە سروودی نەتەوایەتیی "ئەی ڕەقیب" دەستی پێکرد. پاشان هاوڕێ ئاسۆ حەسەنزادە باسێکی گشتی لە سەر دەقی سمینارەکە پێشکەش کرد. بەشی سەرەکیی سمینارەکە بۆ پرسیاری گوێگرانو بەشداران تەرخان کرابوو کە لەو بەشەشدا هاوڕێ ئاسۆ وەڵامی پرسیارەکانی بەشدارانی دایەوە.

پێویستە بگوترێ کە دەیان کەس لە دەرەوەو نێوخۆی وڵاترا بەشداریی سمینارەکەیان کرد.


**کانادا**

## چاوپێکەوتنی نوێنەری حیزب لەگەڵ ئەلیکسا مەکدانا، ڕێبەری حیزبی دێموکراتی نوێ (NDP)ی کانادا

ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ٥ی نوامبری ٢٠٠٢، هاوڕێ شەریف بێهروز بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزب لە ئونتارێوی کانادا، چاوی بە خاتوو ئەلیکسا مەکدانا (Alexsa Macdonough) ، ڕێبەری گشتیی حیزبی دێموکراتی نوێ (NDP)ی ئەو وڵاتە کەوت. لەو چاوپێکەوتنەدا کە لە پارلمانی فیدرالی کانادا لە شاری "ئۆتاوا" پێتەختی ئەم وڵاتە بەڕێوە چوو، لە سەرەتای ئەو دیدارەدا باس لە هاوکاریو هاوپێوەندیی هەر دوو حیزب بەتایبەت لە ئاستی ئەنتێرناسیۆناڵ سوسیالیستدا کرا. لە بەشێکی تری ئەو چاوپێکەوتنەدا هاوڕێ شەریف بێهروز بارودۆخی ئێرانو کوردستانو هەروەها سەرکوتو پێشێلکرانی مافە سەرەتاییەکانی گەلی کورد لە کوردستانی ئێرانی لە لایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە شی کردەوە. نوێنەری حیزب لەو دانیشتنەدا داوای لە دەوڵەتی کانادا کرد کە ئەو دەوڵەتە لە دارشتنی پێوەندییەکانی خۆی لەگەڵ وڵاتێکی وەك ئێران کە سەرەتاییترین مافەکانی گەلانی ئێران پێشێل دەکا، کۆنوانسیۆنی نێونەتەوەیی لە بەرچاو بگرێو زەخت بخاتە سەر ئەو ڕێژیمە بۆ ئەوەی واز لە سەرکوتو توندوتیژی دژ بە نەیارانی بێنێ. لەو دانیشتنەدا سکرتێری گشتیو جێگری ڕێبەری ئەم حیزبە بەشدار بوون.

**تاران**

## بەڕێوەچوونی ڕێورەسمی ساڵڕۆژی تیرۆری داریووشو پەروانەی فرووهەر



کاتژمێر ٢ی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی هەینی ١ی سەرماوەز، هەزاران کەس لە توێژە جۆراوجۆرەکانی خەڵك بۆ ڕێز گرتن لە یادو بیرەوەریی داریووشو پەروانەی فرووهەر لە خانەقای سەفی عەلیشا لە تاراندا کۆبوونەوەو پەیمانیان لەگەڵ ئامانجەکانی ئەو دوو شەهیدە تازە کردەوە. سەرەڕای ئەوەی شوێنی بەڕێوەچوونی ڕێورەسمەکە لە لایەن هێزە ئینتیزامییەکانو لیباس شەخسییەکانەوە گەمارۆ درابووو هەروەها لیباس شەخسییەکان بە ئەزییەتو ئازاری خەڵك هەوڵیان دەدا پێش بە چوونی خەڵك بۆ ڕێورەسمەکە بگرن، دیسانەکەش ڕێورەسمەکە لە کاتی خۆیدا بەڕێوە چوو. لەو ڕێورەسمەدا پەیامی ژمارەیەك لە ڕێکخراوو کەسایەتییە سیاسییەکان خوێندرایەوە، لەو پێوەندییەدا کاك ڕەشید موزەفەری هاونیشتمانی کورد، لە سەر کەسایەتیی سیاسیی فرووهەرەکانو ئاکامی پەروەندەکانیان قسەی کرد. پاشان چەند پارچە شێعرو ڕاگەیاندراو لە لایەن ئەندامانی حیزبی میللەتی ئێرانەوە خوێندرایەوە. بەڕێز ناسر زەرەفشانیش لە زیندان ڕا پەیامێکی بەو بۆنەیەوە ناردبوو کە لە لایەن خاتوو پەرەستوو فرووهەرەوە خوێندرایەوە.

پاش کۆتایی هاتنی ڕێورەسمەکە لە کاتژمێر ٣٠/٤ی پاش نیوەڕۆدا، جەماوەری بەشدار بە خوێندنەوەی سروودی "ئەی ئێران" لە خانەقا هاتنە دەرێو بە دانی درووشمی دژی حاکمییەت بەرەو ماڵی فرووهەرەکان وەڕێ کەوتن. بەڵام لەگەڵ پەلاماری لیباس شەخسییەکان بەرەوروو بوون. لە ئاکامی هێرشی لیباس شەخسییەکان بۆ سەر خەڵك ژمارەیەکی زۆر بریندار بوونو دەیان کەسیش دەستبەسەر کران. ئەو خۆپێشاندانە تا کاتژمێر ٣٠/٥ی ئێوارە بەردەوام بوو. هێندێك لە دروشمەکان بریتیی بوون لە:

"ڕێفراندۆم، ڕێفراندۆم، تەنیا ڕێگای ڕزگاری"، موسەدیق، فرووهەر، ڕێگا درێژەی هەیە"، "زیندانییە سیاسییەکان دەبێ ئازاد بکرێن"، "ئیستقلال، ئازادی، کۆمارێکی خەڵکی"، "پشتیوانی لە خوێندکارەکان دەکەین"و . . .

**مەهاباد**

ڕۆژی چوار شەممە ٨١/٨/٢٩ سەرهەنگێکی سەر بە پۆلیسی ١١٠ی مەهاباد لە زەماوەندی ژن براکەیدا، هاوسەرەکەی بە ناوی شەهین سوهرابی دەداتە بەر دستڕێژو دەیکوژێ.

شایانی باسە کە شەهین سوهرابی ماوەی چەند ڕۆژ بەر لە کوژرانی بەهۆی ناکۆکیی بنەماڵەیی ماڵی مێردەکەی بەجێ هێشتبوو.

## چاوپێکەوتنێکی دۆستانە



سەعات ١٠/٣٠ پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوار شەممە ٦ی سەرماوەزی ١٣٨١ی هەتاوی هەیئەتێکی کۆمەڵەی شۆرشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان پێك هاتوو لە بەڕێزان عەبدوڵڵا موهتەدیو ڕەزا کەعبی، ئەندامانی دفتەری سیاسیو بەهمەنی عەلیارو عەبدوڵڵا عەزیمی، ئەندامانی کومیتەی ناوەندیو ڕەسوڵ عەلیدوست ئەندامی جێگری کومیتەی ناوەندی، سەردانی دەفتەری سیاسی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانی کردو لەلایەن هەیئەتێکی بەڕێوەبەرایەتیی حیزب پێك هاتوو لە هاوڕێیانی بەڕێز، مستەفا هیجری، حەسەن ڕەستگار، حەسەن شەرەفیو حوسێنی مەدەنی، ئەندامانی دەفتەری سیاسیو عوسمان ڕەحیمی، کاوە بەهرامیو محەممەد شەهرەوان، ئەندامانی کومیتەی ناوەندیو کەریم مەهدەوی ئەندامی جێگری کومیتەی ناوەندی پێشوازیی لێکرا.

دوو هەیئەت لە دیدارو دانیشتنێکی دۆستانەدا کە تا سەعات ٣ی دوانیوەڕۆی هەمان ڕۆژی خایاند، کۆمەڵێك مەسەلەی پێوەندیدار بە ئێرانو کوردستانو پێوەندییەکانی هەردوو لایان خستە بەرباسو ئاڵوگۆڕی بیروڕایان لەسەر کردن. کۆبوونەوەکە لە کەشو هەوایەکی دۆستانەدا بەڕێوە چووو هەردوولا لەسەر درێژەدان بەم دیدارو دانیشتنانە پێیان داگرتەوە.

## دیداری خەرازی لە هێندێك وڵاتە ئورووپاییەکان

لە نیوەی دووهەمی خەزەڵوەری ١٣٨١ی هەتاویدا، کەماڵ خەرازی وەزیری دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە مەبەستی چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرپرسانی وڵاتانی ئورووپاییو ئەندامانی یەکیەتیی ئورووپا، سەردانی هێندێك لەو وڵاتانەی کرد. وتەبێژانی دەوڵەتو کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی ئێران ئامانجی ئەم سەفەرەیان، تاوتوێکردنی کۆمەڵێك باسی وەکو کێشەی عێراق، پەرەسەندنی قەیرانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نیوەڕاستو هەروەها پێوەندیی نێوان ئێرانو یەکیەتیی ئورووپا ڕاگەیاند.

سەردانەکەی خەرازی بۆ ئورووپا هاوکات بوو لەگەڵ کۆبوونەوەی وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی ئەندامی یەکیەتیی ئورووپا لە برووکسێل کە تێیدا، باسی پێوەندیی ئەم یەکیەتییە لەگەڵ ئێران لە گۆڕێدا بوو.

ئەگەرچی بێگومان لە دیدارەکەی خەرازی لەگەڵ بەرپرسانی وڵاتانی ئەندامی یەکیەتیی ئورووپادا، کێشەی عێراق پەرەسەندنی قەیرانی ڕۆژهەڵاتی نیوەڕاستیش باسو وتووێژیان لە سەر کراوە، بەڵام سەفەرەکەی خەرازی زیاتر بەمەبەستی دانیشتن لەگەڵ وەزیرانی دەرەوەو باقیی بەرپرسانی وڵاتانی ئورووپایی ئەندامی یەکیەتیی ئورووپا بوو. لە بڕیارەکانی یەکیەتیی ئورووپا لە پێوەندی لەگەڵ پەرەپێدانی پێوەندیی بازرگانیو تیجاری لەگەڵ ئێراندا پێ لە سەر مەسەلەی مافی مرۆڤو ئەو مەرجانەی کە یەکیەتیی ناوبراو بۆ پەرەپێدانی پێوەندییەکانی خۆی لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا داناون، خستۆنییە بەرباس، دانەگرێ.

سەردانی خەرازی بۆ وڵاتانی یەکیەتیی ئورووپا چاوەروانیی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە وڵاتانی ئەندامی ئەم یەکیەتییە بۆ بەستنەوەی مەسەلەی پەرەپێدانی پێوەندییە تیجاریو بازرگانییەکانی لەگەڵ ڕێژیمی ئاخوندی بە کێشەی پێشێلکرانی بەربڵاوی مافو ئازادییەکانی خەڵکی ئێرانەوە، لە هەلومەرجێك دایە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە پێوەندی لەگەڵ وەزعی مافی مرۆڤو بن پێکرانی ئازادییەکانی خەڵکی ئێران بە شێوەیەکی بەرچاو لە لایەن هێندێك وڵات، ناوەندو کۆڕو کۆمەڵی لایەنگری مافی مرۆڤەوە ڕەخنەی لێ گیراو ڕەفتاری کۆماری ئیسلامی لەگەڵ خوێندکاران، هەڵوێستیی بە نیسبەت ئەو گەڵاڵانەی کە لە لایەن سەرکۆمارەوە دەدرانە مەجلیس، گرتنو زیندانیکردنی دەستەیەك لە جودابیرانو ئازادیخوازان، دەرکردنی حوکمی ئێعدام بۆ هاشمی ئاغاجەری یان، بە ناشیرین لەقەڵەم داوەو هەروەها لە نێو خۆی وڵاتیشدا هەر لەم پێوەندییەدا زنجیرەیەك خۆپێشاندانو جووڵانەوەی ئیعتیرازی وڕێ خران.

دیداری ئەم دوایانەی خەرازی لە ئورووپاو چاوپێکەوتنی لەگەڵ بەرپرسانی وڵاتانی ئەندامی یەکیەتیی ئورووپا لە لایەکەوەو توندوتیژیو پێخۆستکرانی زیاتری مافە ئینسانییەکانی خەڵکە ئێران بە دەستی کاربەدەستانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە لایەکی دیکەوە، ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێ کە ئەم ڕێژیمە نەك هەر نایەوێ مەرجەکانی یەکیەتی ئورووپا لە بارەی مافی مرۆڤەوە جێبەجێ بکا، بەڵکوو تێدەکۆشێ وێرای درێژەدان بە سیاسەتە سەرکوتکەرانەکانی خۆی لە نێو خۆو ئاژاوەگێری لە دەرەوەداو هەروەها هەوڵدان بۆ پرچەککردنی هەرچی زیاتری خۆی وڵاتانی ئەندامی یەکیەتیی ئورووپا وا لێ بکا کە چاوپۆشی لە مەرجەکانی خۆیان لە پێوەندیی لەگەڵ ئێراندا بکەن. تەنانەت ئامادەش نیە لە کاتی وتوێژ لەگەڵ یەکیەتیی ئورووپادا دەست لە پێشێلکردنی مافو ئازادییەکانی خەڵکی ئێران هەڵ بگرێو سیاسەتی ئاژاوەگێرانەی خۆی لە ناوچەکەدا کەم بکاتەوە.

بە سەرنجدان بەم ڕاستیانە کە بێگومان لە چاوی وڵاتانی ئورووپاییش شاراوە نین، دەبێ چاوەروان بین کە داخوا یەکیەتیی ئورووپا تا چ ڕادەیەك لە سەر مەرجە ڕاگەیاندراوەکانی بۆ پەرەپێدانی پێوەندیی بازرگانیو تیجاریی خۆی لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران سوور دەبێو بۆ دابینکردنو وەدەستهێنانی قازانجی پتر، ئەو مەرجانە وەپشتگوێ دەخا.

# داریووش و پەروانە دوو شەهیدی ڕێگای ئازادی

**برایم جەهانگیری**



یەكی سەرماوەزی سالّی ١٣٧٧ داریووش فرووهەرو هاوسەرە وەفادارەكەی پەروانەی ئەسكەندەری بە دەست پیاوكوژانی وەزارتی ئیتلاعات‌و بە شێوەیەكی زۆر دڕندانە شەهید كران. دیارە هەر ئەو دەم هیچ كەس گومانی لەوەدا نەبوو كە شەهید كردنی داریووش فرووهەرو پەروانەی ئەسكەندەری بە بڕیاری ڕاستەوخۆی بەرپرسانی سەرەوەی حكوومەتی ئیسلامیی ئێران بووە.

داریووشی فرووهەر یەكێك لەو مرۆڤە ئازاو بوێرانە بوو كە سنووری سووری بەزاندبوو، ئەو سنوورەی كە حكوومەت وەك شتێكی بقە بۆ هەموو كەس دیاری كردبووو ئەو سنوورانەی ئێستاش زۆر كەس نەیان‌وێراوە خۆیانی لێ بدەن. داریووشی فرووهەر ئەو مرۆڤە بوو كە لە زۆربەی وتووێژەكانی ڕادیۆیی لەگەڵ ڕادیۆكانی دەرەوەدا، بە ئاشكرا باسی لەو كەشوهەوا خنكێنەرە دەكرد كە بەسەر فەزای سیاسیی ئێراندا زاڵ بوو. فرووهەر زۆر بە ڕاشكاوی سیستمی ویلایەتی فەقیهی وەك سیستمێكی دژی ئازادی‌و دێموكراسی لە قاو دەداو هەرگیز سڵی لە چاو لێ بزكردنەوەی هێزە سەركوتكەرەكانی ڕێژیم نەدەكردەوە.

پەروانەی ئەسكەندەرییش یەكێك لەو كەسایەتی‌یە سیاسییانە بوو كە لە دەورانی میللی كردنی سەنعەتی نەوت تا كاتی شەهیدبوونی شانبەشانی فرووهەر لە هەموو قۆناخەكانی خەبات‌و ژیاندا ماندوویی‌نەناسانە خەباتی كردووە و بۆ دژایەتی لەگەڵ دیكتاتۆری لە هیچ هەوڵێك سڵی نەدەكردەوە. قەتڵی داریووش‌و پەروانە گەڵاڵەیەكی لەپێشدا داڕێژراو بوو كە لە لایەن وەزارەتی ئیتلاعاتەوە بەڕێوە چوو. دیارە فرووهەرو پەروانەی ئەسكەندەری نە یەكەم قوربانیی ئەو پیلانە بوون‌و نە ئاخرین قوربانییش بوون. پێش ئەوان زۆر كەسی وەك ئێبراهیم زالزادە، ئەحمەد تەفەزولی، مەنووچەری سانیعی‌و هاوسەرەكەی، فیروزەی كەلانتەری، یان لە ژووری خۆیاندا وەك داریووشی فرووهەرو پەروانەی ئەسكەندەری كوژران‌و یان لە كاتی هاتوچۆدا ڕفێنران‌و بە شێوەیەكی گومانـاوی بێ سەروشوێن كران.

"ئەحمەدی میرعەلایی كە خەڵكی ئیسفەهان بوو، ڕۆژێك بۆ چاوپێكەوتنێك لەماڵ هاتە دەرو ئیتر نەگەڕایەوە، ڕۆژی دوایی تەرمەكەیان لە چەپە كۆڵانێكدا دۆزی‌یەوە." [1]

"مەنووچەری سانیعی نزیك نیوەڕۆیە بۆ پیاسەكردن‌و سەردانی یەكێك لە دۆستانی نەققاشی لە ماڵەكەی ـ كۆڵانی ڕەزایی ـ نزیك مەیدانی تەجریش هاتە دەرو قەت نەگەڕایەوە. ڕۆژی سێهەم، تەرمی هەردووكیان لە دەوروبەری "لشكرك" پردی تاران ـ پارس دۆزرایەوە. هەردووكیان وەك فرووهەر ١٣ چەقۆیان وێ كەوتبوو." [2]

خەڵكێكی زۆری دیكەش هەر بە شێوەی ڕفاندن‌و ونكردن‌و كوشتن‌و فڕێدان لێرەو لەوێ بوونە قوربانیی سیاسەتی نامرۆڤانەی ڕێژیم.

بە وردبوونەوەو سەرنجێكی سەرپێیی لە قوربانیانی ئەو قەتڵانە ئەوەمان بۆ دەردەكەوێ كە هەموو ئەو كەسانە ئینسانگەلێكی وشیارو ئاگاو كۆمەڵە ڕووناكبیرێك بوون كە هەرگیز بە كەیفی ڕێژیم هەلسوكەوتیان نەكرد بوو.

سەعیدی سیرجانی یەكێكی دیكە لەو كەسایەتی‌یە دیارانە بوو كە ئەویش كەوتە بەر شالاوی دڕندانەی وەزارەتی ئیتلاعات‌و بە شێوەیەك لە نێویان برد كە ئێستاش كەس چۆنیەتی لە نێوچوونەكەی نازانێ.

هێشتا مانگێك لە كوژرانی وەحشیانەی داریووشی فرووهەرو پەروانەی ئەسكەندەری ڕانەبردبوو كە محەممەدی موختاری‌و محەممەد جەعفەری پوویەندەش بە شێوەیەكی گومانـاوی كوژران. ئەو قوربانیانە بەگشتی لەو كەسانە بوون كە لە مێژ بوو دژی دیكتاتوری خەباتیان دەكردو كەسانی ناسراوو دیاری ئەم بوارە بوون. بەڵام دوای هاتنە سەركاری خاتەمی وەك سەرۆك كۆمارو وەدەستهێنانی بڕە ئازادی‌یەكی ڕۆژنامەنووسی لەلایەن ڕۆژنامەنووسانەوە، ڕۆژنامەكان زیاتر ڕووی دزێوی دەسەڵات بەدەستانیان دەردەخست. ئەوانەی لەم ڕێگەیەوەو لەباری لەقاودانی دەسەڵاتی سەرەڕۆ قۆڵیان هەڵماڵیبوو، هەر ئەو كەسانە بوون كە دوایی كرانە نیشانەی وەزارەتی ئیتلاعات‌و بەشێوەیەكی ناجوامێرانە لەنێویان بردن. ئامانجی سەرەكیی ڕێژیم لەو كوشتارانە تەنیا چاوترسێن كردنی ڕووناكبیران‌و ڕۆژنامەنووسان بوو. ئەو قسەیەی "یەحیا ڕەحیم سەفەوی" فەرماندەری سوپای پاسداران ئێستاش لە گوێی خەڵكی‌دا دەزرینگێتەوە كە پێش ڕوودانی قەتڵە زنجیرەیی‌یەكان دەی‌گوت: "قەڵەمەكان دەشكێنین، زمانەكان دەبڕین‌و سەرەكان دەپەڕێنین."

ئەوە قسەی پایەبەرزترین كاربەدەستی سوپای پاسداران بوو كە لەراستی‌دا هەرواشیان كرد. بەڵام وەك دەزانین خوێنی فرووهەرو باقیی قوربانییانی قەتڵەزنجیرەیی‌یەكان بوو بە گڕكانێك‌و نێوەڕۆكی تیرۆریستی ئەو ڕێژیمەی هەرچی زیاتر خستە ڕوو. هەرچەند لەسەرەتای قەتڵەزنجیرەیی‌یەكاندا ئەم كارەیان خستە پاڵ دەزگا جاسووسی‌یەكانی ئەمریكاو ئیسرائیل‌و خۆیان لە زۆر بوار دا تا لەوگێژاوە دەرباز بن. بەڵام چی پێ نەچوو ڕووی ڕاستەقینەی جینایەتكاران دەركەوت.

ڕووحۆڵلا حوسێنیان، سەرۆكی ناوەندی بەڵگەنامەكانی شۆڕشی ئیسلامی لە ڕۆژی ٢٢ی بەفرانباری ١٣٧٧ لە ڕۆژنامەی "كەیهان"دا دانی بەو كوشتارە ناو هەمان شەویش لە تەلەویزیون دەركەوت‌و وتەكانی خۆی بەمجورە دووپات كردەوە. "كوژراوەكان لە موخالیفانی نیزام بوون‌و دەستەیەك "ناسبی" بوون كە بێ‌حورمەتییان بە ئیمامانی مەعسووم دەكرد و تا ئەو جێیەی من ئاگادار بم، بەرپرسی ئەم كارە لە هێزە مەزهەبی‌یەكان بووەو لەباری سیاسیشەوە لە لایەنگرە بێ‌ئومێدەكانی باڵی چەپ‌و لایەنگری جیددی سەركۆمارن." [3]

لەم بۆچوونەی ڕووحوڵڵا حوسێنیان ڕا بە ڕوونی دەردەكەوێ كە بەرپرسانی نیزام ئاگاداری تیرورو كوشتارەكان هەن‌و نە تەنیا بە كارێكی ناشیرینیان نازانن، بەڵكوو پێیان وایە كە بكوژان لە هێزە مەزهەبی‌و موسڵمانەكان‌و ئەركێكی ئایینیان بەجێ گەیاندوە، ئەركی شەرعی خۆیان بەجێ گەیاندوە كە چەند "ناجنس"یان كوشتوە. دیارە پێش ئەم كوشتارەش فەرماندەی سوپای پاسداران گفتی ڕۆژێكی ئاوای بەخەڵكی ئێران دابوو. فەلاحیان وەزیری پێشووی ئیتلاعاتی ڕێژیم یان باشتر بڵێین "عالیجناب خاكستری" لەبارەی سەعیدی سیرجانی‌یەوە دەڵێ: "ئەو كەسە لەبەر ئەوە كە موعتاد بووو مەواددی بێهۆشكەری دەكڕی‌و دەفرۆشت، گیراو پاشان لە لێكۆڵینەوەدا ئاشكرا بوو كە سەعیدی سیرجانی لەگەڵ دەست‌و پێوەندەكانی ساواك هاوكاری كردوە. ناوبراو هەروەها لەگەڵ هێندێ لە سێرویسە ئیتلاعاتی‌یەكاندا هاوكاری هەبووە." [4]

دیارە لە مێژ بوو كومیتەیەك بەنێوی "كومیتەی تیرۆر" كەوتبوە سەر زاران‌و ئەو كومیتەیەش بریتی‌بوون لەو كەسانە: ١ـ خامنەیی، ٢ـ ڕەفسەنجانی، ٣ـ فەلاحیان، ٤ـ ویلایەتی‌و ٥ـ سەرۆكی سوپای پاسداران. ئەو كومیتەیە بێ ئەملا و ئەولا ئاگاداری هەموو تیرۆرەكانی نێوخۆو دەرەوە بووە، بەبێ پەسند كردنی ئەو كومیتەیە بە دڵنیایی‌یەوە هیچ تیرۆرێك ئەنجام نەدراوە. هەر بۆیە كاتێ سەعیدی ئیمامی‌و مستەفا كازمی‌و مێهرداد عەلیجانی‌و خەسرەوی بەڕاتی وەك بكوژانی ڕاستەوخۆی داریووش‌و پەروانە گیران‌و كەوتنە زیندان‌و ڕۆژنامەنووسان لە "شاكلیلی" قەتڵەكان دەگەڕان‌و "تاریكخانەی ئەشباح"یان ڕووناك كردبۆوە، فەلاحیان لە وڵامی هەواڵنێری ڕۆژنامەی "جمهووریی ئیسلامی"دا كە لێی پرسی ئایا ئێوە ئامادەن لە دادسەرای نیزامی‌دا وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەنەوە كە بەرەو ڕووتان كراوەتەوە؟ گوتی: "وەزیر وێرای سەرۆكەكەی دەبێ وەڵامدەر بێ." كە ئەم وتەیە ئاماژەیەكی بە ئاغای ڕەفسەنجانی یا "عالیجەنابی سوور پۆش"ە.

هەرچەند تا ئێستاش بەشێوەیەكی ڕەسمی‌و یاسایی ڕانەگەیەندراوە كە دەستووردەری سەركیی قەتڵەكان كێ بووە، بەڵام بۆ هیچ كەسیش شاراوە نیە كە كاربەدەستانی دەرجە یەكی ڕێژیم دەستووردەری ئەو كوشتارەن. ڕێژیم بەو كارەی نە تەنیا نەیتوانی خەڵكی ئێران بەگشتی‌و ڕووناكبیران‌و ڕۆژنامەنووسان بەتایبەتی چاوترسێن بكا، بەڵكوو لە ئاكامی ئەم كردەوە نامرۆڤانەیەی‌دا تا بینە قاقا بەزەلكاوی نەفرەت‌و بێزاریی خەڵكدا چۆتە خوارو ناشتوانێ بۆ ماوەیەكی دوورودرێژ ئەم پەروەندەیە هەروا پووش بەسەر بێڵێتەوە. لەم بارەوە دوو مەسەلەی گرنگ هەیە كە لە مێژووی خەباتی ئازادیخوازانەی خەڵكی ئێراندا دەمێنێتەوە. یەكەم ئەوەی كە خەڵكی ئێران بەگشتی‌و ڕووناكبیران بەتایبەتی لەماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا یادی ئەو قوربانییانەیان هەروا بەرزو پیرۆز ڕاگرتووەو جینایەتكارانیشیان مەحكووم كردوە. بەتایبەتی لە ڕۆژی ٢٨ی خەزەڵوەری ئەمساڵدا هەزاران كەس بۆ ڕێزگرتن لە یادو بیرەوەریی داریووش فرووهەرو پەروانەی ئەسكەندەری لە تاران‌و "خانەقای سەفی‌عەلیشا"و دەورووبەری‌دا كۆبوونەوەو خوازیاری وەگەڕكەوتنەوەی پەروەندەی قەتڵەزنجیرەیی‌یەكان بوون. هەرچەند ئەم كۆبوونەوەیەش وەك زۆربەی كۆبوونەوەكانی دیكە لە لایەن لیباس شەخسی‌یەكانەوە شێوێندرا، بەڵام ئەم جارەیان بە پێچەوانەی جاران خەڵكی بە ئاشكرا لەگەڵ تاقمی لیباس شەخسی دەستەویەخە بوون.

دووهەم، هەڵوێستی دوور لە ئینسافی وڵاتانی ڕۆژئاوایی بەتایبەتی وڵاتانی ئورووپایی كە ئەگەرچی كوشتارەكەیان مەحكووم كرد، بەڵام لەبەر پاراستنی بەرژەوەندی بازرگانیی خۆیان، هەرگیز ڕۆژێك لە ڕۆژان بە شێوەیەكی جیددی فشاریان بۆ ڕێژیم‌و دەزگای قەزایی ڕێژیم نەهێنا هەتا بكوژان لە دادگایەكی ئاشكراو بەبەشداری نوێنەرانی مافی مرۆڤی ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان موحاكەمە بكرێن. هەر بۆیە ڕێژیم تا ئێستاش بێدەنگی لەو پەروەندەیە كردووەو هەموو شتێكی لە كوشتن‌و یا خۆكوشتنی سەعیدی ئیمامی‌دا بڕیوەتەوە.

ئەوەی ئاشكرایەو كاربەدەستانی ڕێژیم بەباشی لێی ئاگادارن، ئەوەیە كە خوێنی بەناهەق ڕژاوی قوربانیانی قەتڵەزنجیرەیی‌یەكان هەتا سەر ون نابێ‌و دوورو نزیك هەموو شتێك ئاشكرا دەبێ. بەڵام ئەوەی گرنگە لەوبارەیەوە ئەمەیە كە كاربەدەستانی ڕێژیم هەرچی دەكەن باوەڕ بەوە ناهێنن كە لە دەروازەی سەدەی بیست‌و یەكەم‌دا باوی داسەپاندنی تاكبیری‌و ئیدئولۆژیی تایبەت نەماوە. جگە لەمە دەبێ بیر لەوە بكەنەوە كە ئەگەر بە كوشتن‌و تۆقاندن كورسیی دەسەڵات ڕاوەستابا، دەبوو حكوومەتەكەی پێش ئەوان بیتوانیبا درێژە بە تەمەنی خۆی بدا.

سەرچاوەكان:

١و ٢و ٣و٤ پەیوەند، ژمارە ٢٥ ـ ل ٣

---

## ئاوڕێك لە پەیام و دروشمەكانی جووڵانەوەی ئەم دوایانەی بزووتنەوەی خوێندكاری

**كەریم پەرویزی**

ڕووداوەكە لە ناڕەزایەتی دەربڕینێكی بەرتەسك‌و سنووردارەوە دەستی پێكرد. چەند سەدكەس لە خوێندكارانی زانكۆی تاران لە بەرانبەر بارودۆخی نالەباری "خوابگاە"كانەوە ناڕەزایەتییان دەربڕی. ناڕەزایەتی دەربڕین لە بارودۆخی "خوابگاە"كان بوو بە ناڕەزایەتی سەبارەت بە دەرچوونی حوكمی ئێعدام بۆ هاشم ئاغاجەری‌و ئەو سنوورەشی تێپەڕاندو نێوەڕۆكێكی گشتیی بەخۆوە گرت‌و ویست‌و داخوازی گەلێكی بەرین‌و بەربڵاوتری هێنایە گۆڕێ.

دوای سەركوتی جووڵانەوەی پووشپەڕی ٧٨و زیندانی كردنی خوێندكاران، ڕێژیم بە خەیاڵی خاوی خۆی وای دەزانی كە خوێندكارانی بێدەنگ كردوەو بۆ ئەم مەبەستەش‌و بە ئامانجی سەركوتی تەواوو كۆنترۆڵی هەرچی زیاتری خوێندكاران، ڕێكخراوەكانی سەربە حكوومەتی لە نێو زانكۆكاندا بەهێزكردو بەرنامەگەلێكی جۆراوجۆری بۆ بەهێز كردنی ڕێكخراوەكانی وەك "جامیعەی ئیسلامیی دانشجوویان"، "بەسیجی دانشجوویی"و . . . هێنایە ئاراوە. قۆڵی بەنێو ڕێفورمخوازی ڕێژیمیش بە گرتنەبەری سیاسەتگەلێكی بەرژەوەندیخوازانەو ڕیاكارانە، دەستی قۆڵەكەی دیكەی لە سەركوت‌و داپڵۆسینی هەرچی زیاتری خوێندكاراندا ئاوەڵا كرد.

بزووتنەوەی خوێندكاری كە لە بنەڕەتدا بزووتنەوەیەكی ڕادیكاڵ‌و ئامانجخوازە لەم ڕۆژانەی دوایی‌دا سەلماندنی كە بۆ هەمیشە بێدەنگ ناكرێ‌و بە دۆزینەوەی بچووكترین ڕۆچنە، تووڕەیی‌و بێزاریی خۆی لە سەرەڕۆیی‌و دیكتاتۆری پێشان دەدا. جارێكی دیكە خوێندكاران بە دوای دەرچوونی حوكمی ئێعدام بۆ وتاربێژێك بە تاوانی ئاخافتن، ڕاپەڕین.

ئەگەر لە ڕووداوەكانی پووشپەڕی ١٣٧٨دا تەنیا خوێندكارانی تاران‌و تەورێز ڕاپەڕین، ئەمجارە خوێندكارانی زۆربەی زانكۆكانی وڵات یەكدەنگ‌و یەك مەبەست هوتافی "مردن بۆ سەرەڕۆیی"یان بەرز كردەوە. ئەگەر ئیعتیرازی خوێندكاران لە پووشپەڕی ١٣٧٨دا تەنیا ڕووی لە قۆڵێكی ڕێژیم بوو، ڕاپەڕینی ئەمجارەی خوێندكاران لە دژی تەواوەتیی ڕێژیم بووو هاوكات لەگەڵ هوتاقی "هاشمیی پینۆشە، ئێران شیلی نیە"، هوتاقی "خاتەمی! خاتەمی! ئیستعفا، ئیستعفا"یان بەرز كردەوەو ئەو ڕاستی‌یەیان ئاشكرا كرد كە لە ڕێژیمی كۆماری ئیسلامی‌دا قۆڵی كۆنەپارێزو ڕێفورمخواز جیاوازی‌یەكی ئەوتۆیان پێكەوە نیەو جەنابی ڕێبەریش پێی لەسەر ئەوە داگرت‌و گوتی: "لە نیزامی كۆماری ئیسلامی‌دا، كۆنەپارێزو ڕێفورمخوازمان نیە"!!



خوێندكاران كە تا ئێستا بە هۆی دژایەتیی ڕێژیمەوە نەیان‌توانیوە لە ڕێكخراوێكی سەربەخۆ لە دەسەڵاتدا خۆیان ڕێك بخەن، ناچار بوون ڕوو بكەنە ڕێكخراوگەلێكی وەك "ئەنجومەنی ئیسلامیی دانشجوویان"و "دەفتەری تەحكیمی وەحدەت". دەفتەری تەحكیمی وەحدەتیش كە ڕێكخراوێكی دەوڵەتی‌یە، بەشێوەیەكی بێ‌پەردە پێڕەوی لە سیاسەتەكانی قۆڵی ناسراو بە ڕیفۆرمخواز دەكا، بۆیە هەمیشە هەوڵی داوە كە بزاڤی خوێندكاری لە چوارچێوەی سیاسەتەكانی ئەم قۆڵەدا ڕێك بخاو وا پێشان بدا كە ناڕەزایەتیی خوێندكاران تەنیا ڕووی لە قۆڵەكەی دیكەی ڕێژیمە. بەڵام خۆپێشاندانەكانی ئەم دوایانەی بزووتنەوەی خوێندكاری ئاشكرای كرد كە خوێندكاران خۆیان لە ڕێفورمخوازە حكوومەتی‌یەكان جیا كردۆتەوەو سیاسەتی ڕەخنەو سەربەخۆیی لە هێزو دەسەڵاتیان هەڵبژاردوە. ئەمجارە خوێندكاران بناغەكانی ڕێژیمیان خستە ژێر پرسیارەوەو ڕایان گەیاند كە بۆ دەستەبەركردنی دیموكراسی‌یەكی ڕاستەقینە تێ‌دەكۆشن، ئەوان لە دروشمەكانی خۆیاندا هوتاقی "سەربەخۆیی، ئازادی ـ كۆماری گەلی"یان بەرز كردەوە.

ئەمجارە كە هێرش كرایە سەر پایەو بناغەكانی ڕێژیم، ولیی فەقیە گریان‌و كڕووزانەوەكانی خۆی لە پووشپەڕی ١٣٧٨دا لەبیر بردەوەو ئەو بزاڤەی بە بوونی هێندێ مرۆڤی موفسیدەوە بەستەوەو گوتی كە ئەو ڕۆژە دوژمن زۆر دڵی بەو ئاژاوانە خۆش كردبوو، بەڵام میللەت (واتە گۆپاڵ بەدەست‌و چەقۆكێشەكانی

بۆ لاپەڕی ٨

# لە پەراوێزی

## کۆبوونـەوەی هاوپێوەنـدی لە گەڵ گەلی کوردو حیزبی دیموکرات

## لـە مەجلیسـی میللیی فەرانســەدا

**(بەشی دووهەم)**

**قادر وریا**

لە ژمارەی پێشووی "کوردستان"دا، جگە لە کۆبوونەوەی ٢٣ی ئۆکتوبری ئەمساڵی کەسایەتی‌و نوێنەرانی حیزب‌و رێکخراوە فەرانسەیی‌یەکانی دۆستی گەلی کورد لە پارلمانی فەرانسەدا، کە بە بۆنەی ١٠ ساڵەی تیرۆری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات، دوکتور شەرەفکەندی‌یەوە پێك هاتبوو، ئیشارەمان بە دوو کۆبوونەوەی دیکەش کرد کە هەر لە ژێر چەتری ئەو پارلمانەدا لە ساڵەکانی ١٩٩٩و ٢٠٠٠دا پێك هاتبوون. لە بەشی یەکەمی ئەم وتارەدا گرینگیی شوێنی بەرێوەچوونی کۆبوونەوەکان‌و تەرکیبی بەشداران، هاوپێوەندیی گەرم‌و گوڕو پشتیوانیی راشکاوانەی بەشداران لە حیزبی دێموکرات‌و گەلی کوردو، هەڵبژاردەیەك لەو وتە جوان‌و بەنرخانەمان وەبیر هێنایەوە کە کۆمەڵێك کەسایەتی‌و سیاسەتمەداری فەرانسەیی لە بارەی حیزبی دێموکرات‌و رێبەرانی‌یەوە، لەو کۆبوونەوانەدا کردبوویان. لەم بەشەشدا تیشك دەخەینە سەر چەند خاڵی گرنگ‌و سەرنج راکێشی دیکە لە پێوەندی لەگەڵ باس‌و وتارەکانی ئەو کۆبوونەوانەدا.

**پشتگیریی داواکانی گەلی کورد بە گشتی‌و خەباتی ئازادیخوازیی خەڵکی ئێران**

جارێك سکرتێری گشتیی حیزب هاوڕێی تێکۆشەر عەبدوڵڵا حەسەنزادە لە وتووێژێکدا، نوکتەیەکی زۆر وردو ماناداری لە زمانی کەسایەتی‌یەکی گەورەی دۆستی حیزب کە فەرانسەییشە، گێرایەوە. ئەو دۆستە بەڕێزە گوتبووی "حیزبی دێموکرات ئەو پەنجەرەیەیە کە گەلی کوردو خەباتەکەی لێوەوە دەبینم". مانای ئەو قسەیە زۆر روونە، ئەو دۆستە هەمیشە بە چاوی رێزەوەو بە رەزامەندی‌یەوە روانیویەتە سیاسەت‌و هەڵوێست‌و کردەوەکانی حیزبی دێموکرات. وەختێك بۆ خۆی دەڵێ لەو پەنجەرەیەوە، سەیری کوردستان‌و خەباتی گەلی کورد دەکەم، یانی لەو گوشە نیگایەوە، لایەنە باش‌و جوانەکانی دەبینم.

ئەگەر سەرنج بدەینە ئەو باس‌و وتارو پەیامانەی دۆستانی حیزبی دێموکرات لە کۆڕو کۆبوونەوەکانی تایبەت بەو حیزبە یا پێوەندیدار بە گەلی کورددا پێشکێشیان کردوون، دەبینین کە ئەوان لە رێگای پشتگیریی حیزبی دێموکرات‌و هاودەردی لەگەڵ کورد لە کوردستانی ئێراندا، هەم هاوپێوەندیی خۆیان لەگەڵ ئەو خەبات‌و تێکۆشانە کە لە سەرانسەری ئێران بە دژی دیکتاتۆری‌و پاوانخوازی لە گۆڕێ دایە، رادەگەیەنن. هەم پابەندیی خۆیان بەو بەڵێنەی زۆر جاری دیکەش بە گەلی کورد بە گشتی داویانە، دووپات دەکەنەوەو رادەگەیەنن کە هەروا یارو یاوەری ئەو نەتەوە بندەستە چەندین میلیۆنی‌یەن.

لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە پێش، بۆچی لە رێگای هاوپێوەندی لەگەڵ حیزبی دێموکراتەوە دەیانەوێ هەم لەگەڵ گەلی کورد بە گشتی‌و هەم لەگەڵ خەڵکی ئێران، هاوپێوەندی بکەن. لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا دەبێ بڵێین حیزبی دێموکرات هەر لەو کاتەدا کە بەرابردووترین هێزی سیاسیی کوردستانەو توانیویەتی نوێنەرایەتیی خەباتی گەلی کورد لە بەشێکی کوردستاندا بکا، بە سیاسەتی ئوسوولی، واقیع بینانەو گونجاویش، وای کردوە لە لایەن دۆستانی فەرانسەیی‌و رۆژئاوایی‌یەوە وەك ئولگووو نموونەیەکی باش (لە شێوەی هێنانە گوڕو بەرەو پێش بردنی کێشەی میللەتەکەی‌دا) بناسرێ. ئەوە کە حیزبی دێموکرات هەموو کات داواکار بووە کێشەی کورد لە ئێران لە چوارچێوەی ئەو وڵاتەو بە شێوەیەکی سیاسی‌و ئاشتیخوازانە چارەسەر بکرێ‌و لە تێکۆشانی خۆشی‌دا پابەندی بە دێموکراسی‌و رێوشوێنە ئینسانی‌یەکانی رەچاو کردوە، لە چاوی کەسایەتی‌و حیزب‌و رێکخراوە مرۆڤدۆست‌و دێموکراتەکان شاراوە نەماوەتەوە. ئەوان لە پێوەندی لەگەڵ بەشەکانی دیکەی کوردستانیش‌دا، هەر لەگەڵ چارەسەری کێشەی نەتەوایەتی لە چوارچێوەی هەر کام لەو وڵاتانەدان کە کوردیان بە سەر خۆیاندا دابەش کردوە. لە شێوەی خەباتێکیش پشتیوانی دەکەن کە لە تیرۆرو رەشەکوژی‌و پێشێل کردنی مافە ئینسانی‌یەکان بە دوور بێ. هەر لەو کاتەشدا، هەروا کە سەرکوتی گەلی کوردو زەوتکردنی مافەکانی لە لایەن دەسەڵاتدارانی ئێرانەوە مەحکووم دەکەن، خۆ بواردنی وڵاتانی حاکم بە سەر بەشەکانی دیکەی کوردستانیش لە بەرەسمی ناسینی مافە نەتەوەیی‌یەکانی ئەو گەلە ریسوا دەکەن. رامانێك لە نێوەرۆکی ئەو قسانەی خوارەوە راستیی ئەم ئیددیعایەمان بۆ دەر دەخا:

**"بۆ من جێگای شانازی‌و سەربەرزی‌یە کە دەبینم ئێوە لێرە، لە خانووبەری نوێنەرانی گەلی فەرانسە واتە پارلمان کۆبوونەوە. چونکە پێم وایە ئێمە لەو خەباتەدا کە ئێوە بۆ جێگیر کردنی دێموکراسی‌و بەرەسمی ناسینی مافەکانی گەلەکەتان بەرێوەی دەبەن، هاودەنگ‌و پشتیوانتانین. ئەمن ئەوە بە ئێوە کوردەکانی ئێران دەڵێم، بەڵام ئێمە لەگەڵ کوردی پارچەکانی دیکەش کە لە وڵاتانی دیکە لەگەڵ سەرکوت‌و چەوسانەوە بەرەوروون، هاودەنگین."**

نوئێل مامێر، ئەندامی پارلمانی فەرانسەو سەرۆکی سەوزەکان‌و بەرپرسی دەستەی سەوزەکان لە پارلماندا لە رێورەسمی ١٠ ساڵەی تیرۆری دوکتور شەرەفکەندی (٢٣ی ئۆکتۆبری ٢٠٠٢)دا. (١)

**"ئێمە خۆشحاڵین کە ئەمڕۆ حیزبی دێموکرات بۆتە ئەندامی چالاك لە ئەنتێرناسیۆنالی سوسیالیستدا. ئێمە لەوێ زۆرمان پشتیوانی لە ئەندامەتیی ئەو حیزبە کردو هەر لە ئاکامی ئەو ئەندامەتی‌یەشەوەیە کە ئەمڕۆ رێگا بۆ کوردی پارچەکانی دیکەی کوردستان وەك یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان‌و هادەپ خۆش بووە کە بەشداری کارو بەرنامەکانی ئەنێرناسیۆنالی سوسیالیست بن. ئەندامەتیی حیزبی دێموکرات لە ئەنتێرناسیۆنالی سوسیالیستدا بۆتە هۆی ئەوەی ئەو رێکخراوە بنەماڵەیەکی‌تر لە بنەماڵەکانی خۆی زیاد بکاو بە گشتی بوونی کوردەکان لەو رێکخراوەیەدا بۆ هەلومەرجی ئەمڕۆ زۆر باش‌و بەکەڵکە."**

ئالێن شناڵ، ئەندامی کومیتەی ناوەندیی حیزبی سوسیالیستی فەرانسەو لێپرسراوی بەشی مێدیترانە (٢)

**"سەوزەکان لە خەباتی گەلی کورد لە ئێران‌و عێراق‌و تورکیە پشتیوانی دەکەن. ئێمە لە فەرانسە تا ئێستا زۆر جار لەگەڵ حیزبی دێموکرات بۆ پێکهێنانی خۆپێشاندان‌و کۆنفرانس‌و سمینارو مەراسیم هاوکاریمان کردوە. ئێمە حەز دەکەین هاودەنگی‌و پشتیوانیی خۆمان لەگەڵ گەلی کورد کە بۆ مافەکانی، بۆ کەرامەتی‌و بۆ ئازادیی خۆی خەبات دەکا، زیاتر بکەین. ئێمە بەتایبەتی هەوڵەکانی خۆمان بۆ سازکردنی گرووپی کاری کوردان لە ئەنجومەنی نیشتمانیی فەرانسەدا درێژە پێ‌دەدەین."**

پاتریك فاربیاز، سەرۆکی کۆمیسیۆنی نێونەتەوەیی حیزبی سەوزەکانی فەرانسە لە رێورەسمی ١٠ ساڵەی تیرۆری دوکتور شەرەفکەندی‌دا (٣)

وەك گوتمان دۆستانی حیزبی دێموکرات لە دەلاقەی حیزبی دێموکراتەوە تەنیا سەیری کوردستان‌و خەباتی گەلی کورد ناکەن، بەڵکوو لە ئاوێنەی حیزبی دێموکراتدا، زۆر راستیی پێوەندیدار بە وڵاتی ئێرانیشەوە دەبینن. ئەوان دەزانن کە حیزبی دێموکرات‌و گەلی کورد لە کوردستانی ئێران لە یەکەم ئامانجەکانی سەرکوت‌و پەلاماری کۆماری ئیسلامی بوون. تاوانیشیان تەنیا داوا کردنی ماف‌و ئازادی‌یە میللی‌یەکانی خەڵکی کوردستان بووە. هەروەها دەزانن حیزبی دێموکرات داواکاری دێموکراسی بۆ ئێران بووەو هەر لە رۆژی هەوەڵی هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامی‌یەوە، دیکتاتۆری‌و زۆرداریی ئەو رێژیمەی رەت کردۆتەوەو نیوەرۆکی کۆنەپەرستانەو دژی ئینسانیی ئەوی لەقاو داوە. لەمێژە بۆ دۆستان‌و ئۆگرانی خەڵکی ئێران دەرکەوتوە کە زۆر لەو ویست‌و داخوازانەی حیزبی دێموکرات هێناونیە گۆڕێ، لە هەناوی خەڵکی سەرکوتکراوی ئێرانەوە هەڵقوڵاون. ئەو سەرکوت‌و بێ‌حوقووقی‌و بێ قانوونی‌یەی ئەمڕۆ خەڵکی ئێران دەنگیان بە دژی بەرز کردۆتەوە، لە مێژ ساڵە حیزبی دێموکرات لە بەرامبەری‌دا راوەستاوەو زۆرترین قوربانیی لەو پێناوەدا داوە. لە روانگەی ئەو دۆستانەوە، پشتیوانی لە خەباتی حیزبی دێموکرات‌و ویست‌و داخوازەکانی، پشتیوانی لە بەشێکی زۆر چالاك‌و کاریگەری خەبات بە دژی دیکتاتۆری‌و کۆنەپەرستی لە ئێران دایە. لەم قسانەی خوارەوەدا ئەو مەبەستانە بەراشکاوی بەدی دەکرێن:

**"ئەو دوو جینایەتە ناجوامێرانەیە (تیرۆری دوکتور قاسملوو تیرۆری دوکتور شەرەفکەندی) بۆ خۆیان بۆ ناسینی سروشتی خەباتی گەلی کورد بەتایبەتی لە ئێراندا، بەسن. کێ هەیە نەزانێ کە قەتڵی سیاسی بەڵگەی کۆنەپەرستی‌و سەرەرۆیی رێژیمێکە کە ئایین دەکاتە ئامرازی چەوسانەوەی میللەتی خۆی. بەخۆشی‌یەوە ئەمڕۆ ئێمە دەبینین کە چینی لاوو کۆمەڵی مەدەنیی ئێران کە تینووی ئازادی‌و پلۆرالیزم‌و مودێرنیتەن، ئازایانەترو شێلگیرانەتر هاتوونەتە مەیدان. لەو هەلومەرجەدا بۆ ئێمە هیچ سەیر نیە کە دەبینین ئەوە حیزبی دێموکراتی کوردستانە کە هەروا بوێرانە نوێنگەی هیواو ئامانجی داهاتوویەکی سیاسی‌یە کە لەودا مافەکانی مرۆڤ، دێموکراسی‌و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی وەدی دێن . . . . خەڵکی ئێران‌و گەلی کورد بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانیان‌و بۆ گۆڕانکاریی راستەقینەو بەردەوام پێویستی‌یەکی زۆر گەورەیان بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە بیرو باوەڕو بایەخەکانی ئەو حیزبەو تێکۆشانی بێ وچانی ئەو حیزبە هەیە."**

ژاك فات، سکرتێری کۆمیسیۆنی پێوەندی‌یە نێونەتەوەیی‌یەکانی حیزبی کومونیستی فەرانسە

(لە رێورەسمی ١٠ ساڵەی دوکتور شەرەفکەندی‌دا) (٤)

**"دە ساڵ لەمەوبەر، کۆمەڵێك ئینسانی خاوەن بیر، پێشکەوتنخوازو هیممەت بەرز، لە وییەن پێتەختی ئوتریش تیرۆر کران. قاتلەکان هەر ئەوانە بوون کە سێ دۆستی دیکەمان، شەرەفکەندی، عەبدولی‌و ئەردەلانیان لە ١٧ی سێپتامبری ١٩٩٢دا لە بێرلین، شەهید کرد. بەڵێ هەموویان بەهۆی بەرپرسانی وڵاتی خۆیان واتە ئێران کوژران، بەرپرسانێك کە بۆ پاراستنی دەسەڵاتی خۆیان بە هەر نرخێك، تیرۆریزمی دەوڵەتی لە دژی هاونیشتمانانی خۆیان، لە دژی ئازادی‌و لە دژی کەسایەتی‌یەکانی دیکە، بە کار دێنن."**

دوکتور بێرنارد کوشنێر، لە رێورەسمی ١٠ ساڵەی تیرۆری دوکتور قاسملوودا (٥)

**" لە ماوەی ئەو دە ساڵەدا من بۆ خۆم ئەو باوەڕو متمانەیەی بەشێکی زۆری نەیاران‌و موخالیفانی کۆماری ئیسلامی بە هەموو لایەنە جۆراوجۆرەکانەوە، بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان هەیە، بە چاوی خۆم دیتوومە. جا بۆیە بۆ ئێوەو حیزبەکەتان سەرەڕای ئەو زەبرە قورس‌و گرانەی کە وەحیزبەکەتان کەوت‌و زیانێکی زۆرتان بەم بۆنەیەوە وێ کەوت، ئاواتە خوازی ئازایەتی‌و بوێریی ئێوەم، لە درێژەدانی خەبات بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانتان کە بریتی‌یە لە سەقامگیر کردنی دێموکراسی لە ئێرانداو وەدەستهێنانی خودموختاری بۆ کوردستان."**

هانس یواهیم ئێریك (وەکیلی بنەماڵەی شەهیدانی کارەساتی میکونووس)

لە رێورەسمی ١٠ ساڵەی تیرۆری دوکتور شەرەفکەندی، لە پارلمانی فەرانسەدا (٦)

**"لە خەباتێکدا کە ئێوە لە دژی سەرکوت‌و بە مەبەستی دامەزراندنی دێموکراسی‌و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی دەیبەنە پێش، پشتیوانتانین‌و دەزانین کە ئەو خەباتە لە هەلومەرجێکی زۆر دژواردا دژی رێژیمێك بەرێوە دەچێ کە لە هیچ کردەوەیەکی دژ بە ئێوە خۆ ناپارێزێ."**

پی‌یەر مۆروا، سەرۆکی پێشووی ئەنتێرناسیۆنالی سوسیالیست

(پەیام بۆ کونگرەی ١١ی حیزب)

**سەرچاوەکان:**

**١) "کوردستان"، ئۆرگانی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ژمارە ٣٥٢، ١٥ی خەزەڵوەری ١٣٨١**

**٢) هەمان سەچاوە**

**٣) هەمان سەرچاوە**

**٤) هەمان سەرچاوە**

**٥) "کوردستان"، ژمارە ٢٧٢، ٢٢ی پووشپەری ١٣٧٨**

**٦) "کوردستان"، ژمارە ٣٥٢، ١٥ی خەزەڵوەری ١٣٨١**

**٧) "کوردستان"، ژمارە ٢٥٣، بەفرانباری ١٣٧٦**

---

# نامەی یووسفیی ئەشکەوەری لە زیندانی ئێوینەوە بۆ دوکتۆر رەزا بەراهەنی

**بەڕێز دوکتۆر رەزا بەراهەنی!**

**نووسەری ناوداری ئێرانی‌و بەرێوەبەری ئەنجومەنی قەڵەمی کانادا**

**لەگەڵ رێزو سڵاومدا،**

ئێستاکە لە دوای ٢٨ مانگ دەستی دەستی پێ‌کردن لە زینداندا‌و بڕینەوەی حوکمێکی تازە (سەرجەم حەوت ساڵ زیندان بە تاوانی جیابیرکردنەوەو دەربڕینی بۆچوونی جیاواز) کاتی ئەوە هاتوە کە لە رێگای ئەم نامەیەوە سوپاسی خەباتی ئازادیخوازانەو عەداڵەتخوازانەی ئەنجومەنی قەڵەمی کانادا لە پێناوی داکۆکی‌و پشتیوانی لە مافی ئینسانی‌و هاووڵاتێتی خۆم‌و هەروەها هەوڵوتێکۆشانی بەردەوامی ئەو ئەنجومەنە بۆ بەدوادا چوونی پەروەندەکەم دەکەم‌و بە تایبەت لەبەر ئەوەی کە منتان وەك ئەندامی ئیفتیخاریی ئەو ئەنجومەنە قبووڵ کردوەو لە راستی‌دا ئەو شانازی‌یەتان بە من بەخشیوە، زۆر جێگای سوپاس‌و شانازیمە. جەنابتان وەك بەرێوەبەری ئەو ئەنجومەنە، رێزو سڵاوو پێزانینی من بە یەك یەکی ئەندامانی ئەنجومەن رابگەیەنن.

دیارە پێویستە سوپاسێکی تایبەتی جەنابتان بکەم کە بە هۆی ئەو کردەوە جوامێرانەو ئازادیخوازانەیەتان وەك کەسایەتی‌یەکی ئەدەبی ـ سیاسیی ناسراوی هاوچەرخی ئێران چاکەت دەرهەقی هاونیشتمانێکی خۆتدا کردوەو نارەزایەتیی خۆت بە نیسبەت ئەو زوڵمەی کە لێی‌کراوە دەربڕیوەو داکۆکیت لە مافی هاووڵاتی بوونی کردوە. ئەمن کە تا رادەیەك ئاگاداری بارودۆخی هزری‌و سیاسیی رەوتی رۆشنبیریی ئێران بە تایبەت لە دەرەوەی وڵاتم، دەزانم کە بە دەگمەن رووناکبیرێکی وا پەیدا دەبێ کە بە سانایی‌و بەبێ هیچ چاوەڕوانی‌یەك لەوپەڕی نیازپاکی‌دا داکۆکی لە زۆرلێکراوێك بکا کە لەگەڵ بۆچوون، ئیدئۆلۆژی‌و سیاسەتی حیزبەکەی ئەودا نیە. بۆیە هەست بە بایەخ‌و گرنگیی هەوڵەکانی ئێوە دەکەم‌و لە قوڵایی دڵمەوە سوپاستان دەکەم. بە هیوای ئەوە کە ئەم چەشنە داکۆکی‌یە رەواو ئازایەتییانە لە داهاتوودا گشتگیرو سەرانسەری بێ‌و بەرەو رێزگرتن لە ئازادی‌و مافە ئینسانی‌یەکان هانمان بدەن. هەروەها داکۆکیکردن لە "ئینسان بەبێ وەبەرچاوگرتنی بیروبۆچوونەکەی" ببێتە خەمی هاوبەشی تێکڕای کۆمەڵانی خەڵك‌و بە تایبەت رووناکبیران‌و سیاسەتمەداران.

بەهەرحاڵ ئەمن وەك موسوڵمانێك کە لە بوارەکانی هزرو سیاسەت‌و نووسینیش‌دا بەرهەمم هەیە، چاوەڕێی ئەو رۆژە دەکەم کە سەرلەبەری خەڵکی ئێران بە بیرو رێباز، ئایین، رەگەزی جیاجیاوە پێکەوەو بە رێزگرتن لە مافەکانی یەکدی ئێرانێکی ئازادو بە دوور لە هەر چەشنە دیکتاتۆری‌و دەستێوەردانێکی نێوخۆیی‌و دەرەکی بنیات بنێن‌و کۆمەڵگایەکی کەیلی ئازادی‌و بیروڕای ئازادو دادپەروەری‌و خۆشگوزەرانی‌و پێشکەوتوو پێك بێنن.

### له رۆژی جیهانیی کەمئەندامان‌دا

# یادێك لە کەم ئەندامانی کوردستان

کەمئەندام ئەو مرۆڤەیە کە لە بوونی ئەندامێك یا چەند ئەندامێکی لەشی بێبەش بێ یان ئەندامێك یا چەند ئەندامی بە هەرهۆیەك لە دەست دابێ. بەوحاڵەش کەمئەندامان بە دوو شێوە پێناسە دەکرێن‌و دەناسرێنەوە: یەکەم ئەوانەی بە زگماك لە باری جەستەیی‌و فیکریی‌و زەینی‌یەوە ناتوانن نۆرماڵ بن‌و بەکەمئەندامی دێن‌و بە کەمئەندامیش دەڕۆن. دووهەم ئەوانەن کە پاش تێپەڕکردنی ماوەیەك لە ژیان کەمئەندام دەبن‌و بە کەمئەندامیش ماڵئاوایی‌مان لێدەکەن کە لە هەر دوو حاڵەتەکەی‌دا، کوردستان بێبەش نیە لە کەم ئەندامانی زەینی‌و جەستەیی‌دا.

زۆرن ئەوانەی بە کەمئەندامی لە دایك دەبن‌و پاش زەمەنێك وەك "شێت"، "نوقستان"، "ناتەواو" دەردەکەون‌و بەداخەوەش وەك ئینسانێکی نائاسایی سەیر دەکرێن‌و هەموو هەوڵەکانیش بۆ چارەسەرکردنیان هەرەس دێنن‌و پاشان وەك "سەرباری کۆمەڵ" ناوزەد دەکرێن‌و بەشێکیشیان لەسەر شەقام‌و لەبەر دەرگای مزگەوت‌و پارك‌و شوێنە گشتی‌یەکان‌دا لە هەوڵی راکێشانی سەرنجی بەزەیی هێنەرانەی رێبواران بۆ لای خۆیان دان‌و دەستی یارمەتیی بۆ لایان درێژ دەکەنەوە. لە راستی‌دا ژیانی رۆژانەی ئەمانە بەستراوەتەوە بە رادەی ئەو یارمەتی‌یە ماڵی‌یەی کە تاك‌و تەرا پێیان دەکرێ.

لە نێو ئەم کەمئەندامانەدا، جگە لەوانەی بە "شێت"و مەترسیدار دەژمێردرێن، ئەوانەی دیکەیان لە ژێر چەتری هیچ ئورگان‌و ناوەندێکی حکوومەتی کۆنەکراونەتەوەو هیچ دەزگایەکی شاریی‌و ئیداریش خۆی لە بەرانبەر چارەنووسی ئەم ئینسانانەدا بە تەواوی خۆی بەم جۆرە پێویستە بە بەرپرس نازانێ. لە راستی‌دا ئەمانە نە وڵامدەری کۆمەڵن‌و نە کۆمەڵیش لەبەرانبەریان‌دا خۆی بە وڵامدەر دادەنێ‌و هەتا هەتایە وەك سەرباری کۆمەڵ سەیر دەکرێن. رۆژی جیهانیی کەمئەندامانیش لە لای ئەمانە هیچ ماناو نێوەڕۆکێکی نیە،و لە بنەڕەت‌دا لە لای ئەمانە رۆژێك بە ناوی رۆژی کەمئەندامان وجوودی نیە. بەهەرحاڵ ئەمانە خۆیان بەو مرۆڤە لە پەراوێز خراوانە دەبینەوە کە لە هەموو لایەکەوە فرێ دراون‌و فرێ دەدرێن.

بەشێکی دیکە لە مرۆڤی کەمئەندامی کورد، ئەو ئینسانانەن کە لە جەرەیانی شەڕی ماڵوێرانکەری کوردستان‌دا چەند بەشێك لە جەستەیان لە دەست داون، کە ئەمانەش بە دوو دەستە دابەش دەکرێن: خەڵکی ئاسایی ـ پێشمەرگە

**الف: خەڵکی ئاسایی**

هێرش‌و پەلاماری رێژیم بۆ سەر کوردستان‌و بە گۆڕستان کردنی نیشتمانی کورد، تەنیا هێرش نەبوو بۆ سەر ئەوانەی راستەوخۆ بەرگرییان لە نیشتمانی کورد دەکردو لە ژێر ناوی پێشمەرگە بۆ بەرزراگرتنی شکۆی نیشتمان خەباتیان دەکرد. بەڵکوو ئەم پەلامارە هەوڵدانێك بوو بۆ سڕینەوەی هەمووی ئەوانەی لەم خاکەدا دەژین، کە لەم سڕینەوەش‌دا بە هەزاران ئینسانی مەدەنی لە منداڵ‌و ژن‌و پیرو لاو لەم پرۆژەی قەلاچۆ کردنەدا چەند ئەندامێك لە جەستەیان لە دەست دا. ئەم کەسانە جیا لەوانەن کە لە ماوەی زیاتر لە دوو دەیە حاکمییەتی رێژیمی ئیسلامی لە کوردستان‌داو بە بیانووی جۆراوجۆرو بە پێی حوکمی دادگاکانی رێژیم "قطع عضو" کراون‌و فارس گوتەنی "قصاص" کراون‌و یاسای کۆنەپەرستانەی رێژیمیان لە سەر بەرێوە چووە. بەو حاڵەش رێژەی ئەوانەی بە هۆی تەقینەوەی مین، بوردمان کردنی شارو گوندەکان‌و . . .چەند ئەندامێکی جەستەیان لە دەست داوە رێژەیەکی بەرچاوە کە هیچ کاتێك نەتوانراوە پەردە لە سەری هەڵماڵدرێ. کاتێك کە مانوئێل مارتورێل رۆژنامەنووسی ئیسپانیایی دەڵێ: "سەرانسەری کوردستان کراوەتە پێگەیەکی نیزامی گەورە" ("کوردستان" ٣٢١) دەتوانین بڵێین کە میلیتاریزە کردنی کوردستان ئەم واقیعە تاڵەی خولقاندوە کە بە هەزاران ئینسان هەمیشە لە چاوەڕوانی مەرگ دەمێننەوەو بە سەدان کەسی دیکەش لەم زەوی‌یە مین رێژکراوە مردن هەڕەشەیان لێدەکا. دوکتور قوتبەدین سادقی دەرهێنەری فیلمی "هێواش هەنگاو هەڵێنە" کە تێی‌دا چیرۆکی ئەو ئینسانانەی نیشان داوە کە لە ناوچە مین رێژکراوەکان‌دا هەنگاو هەڵ دێننەوە، سەبارەت بە ئاسەواری مین لە یەکێك لە گوندە سنووری‌یەکان‌دا دەڵێ: "ئێمە بینیمان کە تەنیا لە یەکێك لە ئاوایی‌یەکان ٤٢ کەس بە هۆی مین شەهید ببوون،" ("کوردستان" ٣٢٥). کەواتە میلیتاریزە مانەوەی کوردستان، رۆڵی ئەساسی لە چوونەسەرەوەی رێژەی کەمئەندامی لە کوردستان‌دا هەیە. لە راستی‌دا ئەم کەسانەی کە بە هۆی کەرەستەی شەڕەوە کەمئەندام دەبن لە لایەن ئورگانە دەرمانی‌و خەدەماتی‌یەکانی رێژیمەوە هیچ بایەخێکیان پێنادرێ‌و پشت گوێ دەخرێن‌و حاشا لە میلیتاریزە بوونی کوردستانیش دەکەن.

**ب: پێشمەرگەی کەمئەندام**

بەشێکی دیکە لە کەمئەندامانی کوردستان ئەو نیشتمانپەروەرانەن کە لە بەرگی پێشمەرگەداو لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان‌دا پتر لە بیست ساڵە لە پێناوی پاراستنی نیشتمان‌و راماڵینی سێبەری نەگریسی چەوساندنەوەو دابین کردنی ئازادی‌و دیموکراسی خەبات دەکەن. ئەم ئینسانانە هەمیشە لە ریزی پێشەوەی بەرگری لە پەلامارەکانی رێژیم بۆ سەر کوردستان بوون‌و جگە لەوەی بە هەزاران پێشمەرگە گیانی خۆیان لە دەست داوە بە سەدان کەسی دیکەشیان لە کاتی پەلاماری رێژیم‌و کردەوە تیرۆریستی‌یەکانی لە کوردستان‌دا چەند بەشێك لە جەستەیان لە دەست داوە. پێشمەرگەی کەمئەندام لە راستی‌دا دەبێ نێوی بنرێ شەهیدی زیندوو. چونکە لە ئەساس‌دا رێژیم پێشمەرگە وەك چقڵی چاوی خۆی بینیوەو ٢٤ ساڵی رەبەقە لە هەوڵی سڕینەوەی یەکجارەکیی ناوی پێشمەرگەدایەو پێشمەرگەی کەمئەندامیش دەرنجامی ئاسەواری ئەو هەوڵانەی رێژیمن کە ئێستاش درێژەی هەیە. کەواتە رۆژی جیهانیی کەمئەندامان، ئەو کاتە دەتوانێ هەڵگری پەیام‌و سۆزو هاوپشتیوانی‌یەکی نێونەتەوەیی بۆ کەمئەندامان بێ، کە ئۆرگان‌و رێکخراوگەلێ داکۆکیی لە مافەکانی کەمئەندامان بکەن‌و جارێك بۆ هەمیشەو بە شێوەی جیددی ئاوڕێك لە ژیانی ئەم ئینسانە لەبیرکراوانە بدەنەوەو ئەو رۆژە ببێ بە رۆژی هاوسۆزیی جیهانی‌و ئینسانی لەگەڵ کەمئەندامان‌و بە تایبەت کەمئەندامانی جیهانی لەبیرراو.

ئەو ئەرکەو سەرنجدان بە ژیان‌و لایەنە لەشی‌و رووحی‌یەکانی، هەم دەکرێ بەرەورووی یەك یەکی ئەندامانی کۆمەڵ بێتەوەو وەك ئەرکێکی گرینگی حکوومەتەکان بە حیساب بێ. بایەخدان بە ژیان‌و گوزەران‌و باری رووحی کەمئەندامان دەبێتە هۆی ئەوە کە ئەو جۆرە کەسانە لە کۆمەڵ‌دا هەست بە نامۆیی‌و لەبیرکراوی نەکەن‌و تەنانەت لە باری کاروباری کۆمەڵ‌و بەرەوپێش چوونیش‌دا ئەرکی بەرچاو وەئەستۆ بگرن.

لە حاڵێکی وا دایە کە دەکرێ رۆژی‌جیهانی کەمئەندامان بەوان پیرۆزبایی بڵێین‌و لە بەرامبەریان‌دا هەست بە رەزایەت‌و راحەتی ویژدان بکەین.

☆☆☆

# بە بۆنەی پەسند کردنی جاڕنامەی مافی منداڵانەوە

**ب. هیوا**

رۆژی ٨١/٨/٢٩ رۆژی پەسند کردنی جاڕنامەی مافی منداڵان بوو. لە زۆربەی وڵاتان‌دا بەم بۆنەوە ئاهەنگ‌و شادی وەڕێ خران. ئاهەنگی شادی بۆ ئەو منداڵانەی لە هەر شوێنێك بن‌و یان لە هەر تۆرەمەو رەگەزێك بن هەر یەك مەوجوودن‌و یەك مافیان هەیە. منداڵ ئەو پەپوولە لەش ناسك‌و دڵ ناسکەیە کە هەڵسوکەوت لەگەڵ کردنی گەلێ دژوارە. منداڵ ئەو بوونەوەرەیە کە بە هەزاران خۆزگەو بریای لە دەروون‌دا کەڵەکە بووەو رەنگ بێ لە زۆر جێگاداو بە تایبەتی لە کوردستان‌دا زۆربەیان لە بەر نەبوونی ئیمکانات تەنانەت خۆزگەیەکیشیان نەیەتە دی.

بەڵام ئایا ئەو رێکخراوانەی بە بۆنەی جاڕنامەی مافی منداڵان جێژن‌و شادی دەکەن‌و کارناواڵ وەڕێ دەخەن‌و ناخی منداڵان تەژی دەکەن لە بزەو خەندە، هیچ کات بە جیددی بیریان لەوە کردۆتەوە کە لە وڵاتانی دواکەوتوو بە تایبەتی ئەو وڵاتانەی کە خەڵکەکەی بە دەست دیکتاتۆری‌یەوەو لە ژێر دەسەڵاتی رەشی ئیستبدادی‌یەوە دەناڵێنن، منداڵان یەکەم قوربانییانی ئەم ستەمەن؟! ئایا لەو رۆژەدا ئەو رێکخراوانە بیریان لەو منداڵانە کردۆتەوە کە بە هۆی ستەمی ستەمگەرانەوە بێباب کراون‌و تا ئەبەد دەبێ لە نازی باب بێبەش بن‌و یان دەستێکی بێبەزە بابی لێدابڕیون‌و دەبێ دایەو لە بێدەنگی‌یەك‌دا کە رەنگ بێ کەس هەست بە ماناکەی نەکا لە چاوەڕوانی گەڕانەوەی باب لە زیندانەکان‌و تاراوگەدا هێدی هێدی بتوێنەوە!

بە لەبەرچاو گرتنی ئەم راستی‌یە تاڵە با هەموو لایەك پەیمان بدەین کە ئەوەندەی بۆمان دەکرێ بە هیچ لەونێ نەبینە هۆی شێواندنی نازی منداڵان‌و ئەو منداڵانەش کە هەست بە نازلێشێواوی دەکەن بە پێی توانا دەستی هیممەت‌و خۆشەویستییان بەسەردا بێنین‌و بە کردەوە نیشان بدەین کە مافی منداڵ‌و هەستی منداڵ لە لای ئێمە بایەخی هەیە.

ئەوەی لەو بارەوە گرینگیی تایبەتی هەیە ئەمەیە کە هەڵسوکەوت لەگەڵ منداڵ‌دا تایبەتمەندیی خۆی هەیەو پەروەردەکردنی منداڵ یانی زامنکردنی ئایەندەیەکی باش بۆ منداڵ. کەوایە دایك‌و باب بەر لە هەموو کەس ئەرکی پەروەردەیی‌و فێرکارییان دەکەوێتە ئەستۆو لەم بارەیەوە یەکەم مامۆستای منداڵان دایك‌و بابەکانن، دیارە بۆ مامۆستای منداڵانیش ئەوەی لە هەموو شتێك زیاتر پێویستە رەوانناسی‌و دەروونناسیی منداڵانەو هەوڵدان بۆ پەروەردەکردن‌و پێگەیاندنیانە.



ئاشکرایە کە ئایندە لە دەست منداڵانی ئەمڕۆدایەو ئەمەش شتێکی تازە نیە، بەڵام بە هەست کردن بەو مەسەلەیە کە ئایندە لە سەر دەستی منداڵانی ئەمڕۆ دادەمەزرێ هەموو لایەك دەبێ زیاتر هەست بەو بەرپرسایەتی‌یە بکەین‌و هەروا بە هاسانی بەسەر کاری پەروەردەیی‌و فێرکاری منداڵ دا تێنەپەڕین. با بۆ رێز گرتن لەو جاڕنامەیە، مافی منداڵان بە جیددی بگرین‌و سەرنجی بدەینێ. با لەم رۆژەدا مافەکانی بێدەسەڵاتترین توێژی نێو کۆمەڵ، واتە خونچە گوڵەکانی باخچەی ژیان لەبەرچاو بگرین‌و بایەخی پێبدەین. لای ئێمەی کورد مەگەر خۆمان بە گوێرەی تواناو پێویست بایەخ بە مافی منداڵان بدەین دەنا لەگەڵ ئەوەدا کە حکوومەت ئەم جاڕنامەیەی مۆرکردوە هەرگیز لەبەرچاوی ناگرێ.

"**بە مەبەستی سلامەتیی رووحی، جیسمی‌و کۆمەڵایەتیی منداڵێك کە بووە بە قوربانیی جۆرێك لە بەدرەفتاری، ئەو ئەشکەنجە، چەوسانەوەو هەر کردەوەیەکی دژی ئینسانی، حکوومەتەکانی ئەندامی پەیمان هەموو هەنگاوێکی پێویست هەڵ دەگرن" (١)**

لە رۆژی پەسند کردنی جاڕنامەی مافی منداڵان‌دا جارێکی دیکە ئاواتە خوازی بەختەوەری‌و شادومانیی منداڵانی کوردستانین.

*(١) مادەی ٣٩ (پەروەردەکردنی کۆمەڵایەتیی منداڵانی زیان پێگەیشتوو).*

پاشماوەی لاپەڕەی٤

## ئاوڕێك لە پەیام‌و دروشمەکانی جووڵانەوەی ئەم دوایانەی بزووتنەوەی خوێندکاری

وەلیی فەقیە) قورس‌و قایم (واتە بە شێوەیەکی دڕندانەو سەرکوتکەرانە)،

هاتنە مەیدان‌و کۆتاییان بەو ئاژاوەیە هێنا. جەنابی وەلیی فەقیە کە بە تەواوی هەستی بەوە کردوە کە هیچ پێگەیەکی لە نێو کۆمەڵانی خەڵك دا نیە، لە خوتبەی نوێژی هەینی لە ١ی سەرماوەزدا، تەنانەت خەڵکیشی بە سیخوڕی دوژمنی خەیاڵیی خۆی لە قەڵەمداو گوتی "دوژمن بە پەند وەرگرتن لە شکستەکانی رابردووی خۆی، دەیەوێ لە نێو میللەت‌دا بیرۆکەی دژی ئیسلام‌و ئینقلاب بڵاوبکاتەوە". خامنەیی کە ئیتر شتێکی نەماوە لە دەستی بداو بزووتنەوەی خوێندکاری کە راستەوخۆ خودی ئەوو پایەکانی رێژیمی کردۆتە ئامانج، خوێندکارانی بە سیخوری دوژمن لە قەڵەم داو گوتی " . . . دوژمن هیوای بە هێندێ لە بەشەکانی وڵات‌و یەك لەوان توێژی لاو بەستوە"

وتەکانی خامنەیی‌و ئیمام جومعەکانی شارەکانی ئێران لە رۆژی هەینی ١ی سەرماوەزدا، پەردەیان لەسەر بێزاری‌و تووڕەیی‌و لەهەمان کات‌دا ترسی رێژیمی لە بزووتنەوەی خوێندکاری هەڵ دایەوە. خامنەیی کە پێشتر داوای لە خوێندکاران دەکرد لە سیاسەت‌دا دەخالەت بکەن، ئەمجارە داوای لە خوێندکاران کرد خەریکی وانەکانی خۆیان بن. ئایەتوڵڵا "مشکینی"یش کە سەرۆکی مەجلیسی خوبرەگانە لە خوێندکاران تووڕە بووو لە نوێژی هەینی شاری قوم‌دا، خوێندکارانی بە سەماکەرو باجگیری ئەمریکا لە قەڵەم‌داو هەڕەشەی ئەوەی کرد کەوا بە توندی سەرکوت دەکرێن.

"چ باسە بۆ کار کێشراوەتە زانکۆو تاقمێکی خوێندکاریان ناسراو بە خوێندکار، بە بیانووی ناڕەزایەتی دەربڕین بە حوکمێك، سووکایەتی بە رێبەرانی نیزام دەکەن؟ حوکمی قازی چ پێوەندی‌یەکی بە زانکۆوە هەیە؟ هەموان دەزانن کە ئێوە بە سازی ئەمریکا هەڵ دەپەڕن، دۆلار سەرخۆشی‌کردوون. خوێندکارانی راستەقینە (واتە چەقۆکێشەکانی تواوە لە ویلایەت‌دا) کە پلەی توانەوەکەیان دەبێ لە رووی رێژەی هەقدەستەکانی رێژیمەوە بپێورێ وەڵامیان دانەوەو باشترین وڵامتان دەدەنەوە".

بەڵام جەنابی وەلیی فەقیەو رێژیمی کۆماری ئیسلامی دەبێ بزانن کە بزووتنەوەی خوێندکاری سەلماندوویەتی کە چیدی هەڕەشەو گوڕەشەی چەقۆکێش‌و گێرەشێوێنەکان کاریگەری ئەوتۆیان لە سەریان نابێ‌و چاوترسێنیان ناکاو هەروەك پەیمانیان داوە تا چەسپاندنی دیموکراسیی راستەقینەو مسۆگەر کردنی کۆمارێکی دیموکراتیك دەست لە خەبات هەڵناگرن.

⌘⌘⌘

# ئایا ڕەوایە مافەکانی مرۆڤ بخرێنەبازنەیەکی بەرتەسکەوە؟

**خەدیجە مەعزوور**

ئازادیو سەربەستی بۆ مرۆڤ لە ژیاندا وەك هەوا وایەو ژیانی مرۆڤ بەبێ ئازادی مانایەکی نیە. ئازادی لە فەرهەنگی سیاسیدا ماناو مەفهوومی تایبەت بەخۆی هەیە. ئازادی بەشێکی گرنگە لە مافەکانی مرۆڤو بە ئیستانداردێکی نێونەتەوەیی دانراوە. بەڵام ئایا ئەو ئیستانداردە نێونەتەوەییە لە هەموو وڵاتێك وەك خۆی وەبەر چاو دەگیرێو بەڕێوە دەبردرێ؟ لە نێو کۆمەڵگایەکدا هەرکەسو لایەنێك بە شێوەیەكو بە پێی پێویستو دڵخواز یا بە پێی قازانجو بەرژەوەندی خۆی لێکی دەداتەوەو مانای دەکاتەوە. ئایا ئەوانەی چوارچێوە بۆ ئازادیی ژنان دیاری دەکەنو پێیان دەڵێن هەتا ئەو ڕادەیە مافتان هەیە ئازاد بن، داخوا کەس ئەو مافو سەلاحییەتەی پێ داون؟ ئەگەر ئەو سنووردانانە بە گوێرەی قانوونی ڕەسمیی وڵاتەوە دیاری کرابێو ئەو قانوونەش لەلایەن زۆربەی زۆری خەڵکەوەو لە هەلومەرجێکی ئازادو دێموکراتێکدا پەسند کرابێ، ئەوە هیچ قسەیەك نیە خەڵكو بەتایبەت ژنان ناچارن پێڕەوی لێ بکەن. ئەگەر چوارچێوەکە بۆ تەنگەبەرکردنی ژیانی ژنانو فشارهێنان بۆ سەر ئەوانو زاڵکردنی زیاتری دەسەڵاتی پیاو لە هەموو بوارێکدا بەسەر ژنان دابێ، ئەوە ژنان بەتوندی بەربەرەکانی لەگەڵدا دەکەنو ملی بۆ ڕاناکێشن.

جیا لەو مەسەلانەی باسمان کردن، لە هەر کۆمەڵێکدا هێندێك دابو نەریتو فەرهەنگی تایبەتی هەن کە لە دێر زەمانەوە ماونەوە. ئەرکی ئەندامانی هەر کۆمەڵێك چ ژنو چ پیاو بەرامبەر بەو دابونەریتانە ئەوەیە خاڵە باشەکانی بپارێزنو پەرەیان پێ بدەنو بۆ خاشەبڕکردنی خاڵە مەنفیو دزێوەکانی هەوڵ بدەن. ئاشکرایە سوننەتی کوردەواریش لەو دابونەریتە باشو خراپانەی تێدایە کە بەشێکی زۆریان پێوەندییان بە ژیانی ژنانەوە هەیە. ئەرکی ژنان بەتایبەت ژنانی کوردستان ئەوەیە، لە لایەك بەتوندی لەگەڵ ئەو کوتو بەندو داوو زنجیرانە بەربەرەکانی بکەن کە ڕێژیمەکانی پێشووو ئێستا بە زۆری لە دەستو پێیان هاڵاندوونو کردویاننە کۆسپی سەر ڕێگای پێشکەوتنیان. (دیارە ڕێژیمی کۆنەپەرستی ئێران بە عەمدو ئاگاهییەوە ئەو بەربەستانەیان بۆ ژنان پێك هێناونو ژنانیش دەبێ بە تێگەیشتنەوە ئەم بەربەستانە تێك بشکێنن). لەلایەکی دیکەوە لە هەڵسوکەوت لەگەڵ هێندێك لە دابونەریتە کۆمەڵایەتیو فەرهەنگییەکاندا مەسەلەکە جیاوازی هەیە. کەس ناتوانێ سوننەتی چەندین هەزار ساڵە بە ڕۆژێك بشکێنێو لە نێوی بەرێ. بەتایبەت ئەگەر فەرهەنگی پیاوسالاری ریشەی قووڵی لەنێو کۆمەڵو بنەماڵەدا داکوتابێ، پیاو نەخشی سەرەکی لە بنەماڵەدا هەبێو ژن ڕۆڵی دەرەجەی دووی هەبێ. لەو کاتو سەردەمەدا ژنان دەبێ وشیار بنو بە ئاگاییو تێگەیشتنەوە مل بۆ هەر جۆرە هەڵسوکەوتێکی دواکەوتوانەو نامرۆڤانە ڕانەکێشن. هەر لە سەرەتاوە ئەندامانی بنەماڵە لەگەڵ مافو ئازادییەکانیاندا ئاشنا بکەنو زیانی بوونی فەرهەنگی پیاو سالارییان بۆ باس بکەنو بۆ خۆشیان بەتێگەیشتنەوە بە پاراستنی ئوسووڵە مەنتقییەکانی خەبات خۆ لە چنگی ئەم فەرهەنگە رزگار بکەن. ئەوەش بە کارو زەحمەتی بەردەوامو وشیاری لە هەموو بوارێکدا دەکرێو کلیلی ڕەمزەکەشی خوێندنو ئاشنا بوون لەگەڵ ڕۆحی سەردەمە.

تا ئێستا لەبارەی مافو ئازادییە ئینسانییەکانو سنوورو چوارچێوەکەیو چۆنیەتی کەڵك وەرگرتن لە مافو ئازادی زۆر قسە کراوە، زۆر شت نووسراوەو گەلێك بڕیاری جۆراوجۆر دراوە. لە هێندێك شوێنی ئەم جیهانەدا چوارچێوەی زۆر بەربڵاوە، لە هێندێك جێگای دیکەدا لەڕادەبەدەر بەرتەسک کراوەتەوەیا هێندێك کەس وا لە ئازادی گەیشتوون کە دەبێ بە کەیفی خۆیان بجوولێنەوەو هەرچی دڵت ویستی ئەنجامی بدەیو تەنانەت ئازادیو مافی کەسانی دیکەش پێشێل بکەی، لەڕوانگەی بەشێکی دیکەوە ئازادی یانی پاراستنی ئەو چوارچێوەو ڕێوشوێنانە کە قانوونو یاسا دیاری کردوون. بەشێك لە خەڵك پێیان وایە ئازادی تایبەتی دەستەو چینو توێژێکی دیاریکراوی کۆمەڵەو خەڵکی ئاسایی بۆیان نیە کەڵکی لێوەرگرن، لە لای بەشێکی دیکەش لە خەڵك هەموو ئینسانەکان بەبێ وەربەرچاو گرتنی ڕەگەز، ئایین، جینس، زمانو . . .، بەبێ لەبەر چاو گرتنی سەروەتو سامان هەقی خۆیانە ئازاد بنو بە ئازادی بژین. بەگشتی لەو بوارەدا ڕاوبۆچوونی جۆراوجۆر هەیەو هەر بۆیەش لە وڵاتە جۆراوجۆرەکاندا لێکدانەوەی جیاواز لەسەر ئازادیو مافی ئینسان هەیەو هەر بەپێی ئەو لێکدانەوە جیاوازانەش سنووری ئازادییەکان دیاری دەکرێو چوارچێوەی جیاوازیان بۆ دادەنرێ.

لە وڵاتانی دواکەوتووو جیهانی سێهەم بەتایبەت ئەو وڵاتانەی کە مەزهەب تێیاندا قسەی ئەوەڵ دەکا، بۆ وێنە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ژمارەیەك ئاخوندی کۆنەپەرست بە شێوەی تایبەتی خۆیان تەعبیر لە ئازادیو مافی مرۆڤ دەکەن.

لە ئێراندا خەڵك دەبێ ئازادیو مافی ڕەوای خۆی لەگەڵ قانوونە کۆنەپەرستانەکانی ئەم ڕێژیمە سەرەڕۆیە تەتبیق بداو ژیانی لەگەڵ بەند بە بەندی قانوونە ئەساسییەکەیدا بگونجێنێ، ئەو قانوونە ئەساسییە کە پڕە لە ناتەباییو بێعەداڵەتی بە نیسبەت خەڵکی ئێران بەگشتیو ژنان بە تایبەتی.

ڕەچاوکردنی یاسایەکی کۆنەپەرستانەی سەدەکانی نێوەڕاست لە کۆمەڵگایەکی پیاوسالاری سوننەتیدا ئاکامەکەی چی دەبێ بێجگە لە ناعەداڵەتیو پێشێلکردنی مافی مرۆڤو بەربەست کردنی ئازادیی ئنسانەکان. هەر هەڵسوکەوتێکی ئینسانیی ژنان کە بە قازانجو بەرژەوەندی خۆیان تەواو بێو هەست بە راحەتی دەروونی بکەن، ئەوە دژایەتی هەیە لەگەڵ نەفسی یاسای کۆماری ئیسلامیدا. هەربۆیە هەموو هەڵسوکەوتی ژنان بەهۆی بنکەو بنیاتە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامییەوە دەخرێتە ژێر چاوەدێرێو هەر لەسەر وەپشت گوێ خستنی ئەو یاسا دژی ئینسانیانە، بە هەزاران ژن کەوتوونەتە بەر ئازارو ئەشکەنجەو گیانیان لێ ئەستێندراوەو یا حورمەتو کەسایەتییان شکێندراوە.

لە بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤدا چوارچێوەی مافو ئازادییەکان بەروونی دەستنیشان کراونو لەڕاستیدا بە باشترینو ڕاستترین شێوە ئازادیو مافی ئینسانی پێناسە کراوە. لە بەیاننامەی جیهانی مافی مرۆڤدا هەموو جۆرە ئازادییەك وەك: ئازادی نووسینو خوێندن، ئازادیی قسەکردن، ئازادیی ڕادەربڕین، ئازادیی چاپەمەنی، ئازادیی مەرامو مەزهەب، ئازادیی هەڵبژاردنی شوێنی کارو ژیانو سەفەرو . . . دەستنیشان کراونو کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لەسەر ڕێزگرتن لەو ئازادییانەو پاراستنیان پێ دادەگرێ. نە لەو بەیاننامەیەداو نە لە هیچ سەرچاوەیەکی نێونەتەوەیی دیکە باسی ئەوە نەکراوە کە ئەو ئازادییانە دەبێ بەرتەسك بکرێنەوە یا چوارچێوەی بۆ دیاری بکرێو لە لایەن بنکەو بنیاتو یا حکوومەت یا کەسێکەوە سنووریان بۆ دابنرێو بخرێنە بازنەیەکی تەنگترەوە. تەنیا ئەوەندە گوتراوە کە مرۆڤ هەتا ئەو جێگایە مافی کەڵك وەرگرتن لە ئازادی هەیە کە ئازادیی کەسانی دیکە پێشێل نەکاو نەیخاتە مەترسییەوە. ئاشکرایە ئەگەر ڕێژیمێك بیهەوێ دەوامی هەبێو بمێنێ، دەبێ مافو ئازادیی ئینسانەکان بەتایبەت ژنان وەبەرچاو بگرێو یا ئەگەر کەسێك پێی خۆشە ئازاد بژیو ئازاد بجوولێتەوە، دەبێ پێی خۆش بێ خەڵکی دیکەش لەو ئازادییە کەڵك وەرگرن. ئەگەر وا نەبێ ئازادی مانایەکی نابێو لە مێژیشە گوتوویانە: "ئەوانەی ئازادیی خەڵك بەگشتیو ژنان بەتایبەتی دەخەنە مەترسییەوە، لەڕاستیدا زنجیری کۆیلەیی لەدەستو پێی خۆیان دەئاڵێنن."

✧ ✧ ✧

# ڕووناکبیرانی کوردستانی ئێرانو قۆناخی نوێی خەبات

## ( ئەرکەکان، چاوەڕوانییەکان )

**عەوڵا بەهرامی**

**"داهاتوو دەرگای واڵایەو پێوەندیی بە هەموومانەوە هەیە. داهاتوو لە گرەوی ئەو کارانە دایە کە منو تۆو زۆر کەسی دیکە لە خەڵك، ئەمڕۆ، سبەی، دووسبەی، ئەنجامیان دەدەین. ئەو کارانەی لە ئێمەوە سەرچاوە دەگرن بە نۆرەی خۆیان پێوەندیان بە بیرو هزرەکان، ئاواتەکان، ترسو هیواکانمان، شێوەی ڕاڤە کردنی ئێمە بۆ جیهانو شێوەی هەڵسەنگاندنی ئێمە لەو ئیمکاناتەی لە داهاتوودا لە گۆڕێ دا دەبن، هەیە."**

**کارل پوپر**

ئەمڕۆ لەم هەلومەرجە تایبەتییەی خەباتی گەلەکەمان لە کوردستانی ئێراندا، هەموو چینو توێژەکانی کۆمەڵ کۆمەڵێك ئەركو بەرپرسایەتیی نوێیان کەوتۆتە سەرشان. ڕووناکبیرانیش وەك توێژێکی گرنگو پڕ بەرپرسیاریەتی پێویستەو دەبێ وەك چاوەڕوانییان لێ دەکرێ لە ئاستی گەورەیی ئەرکو ریسالەتە نەتەوەیی‌یەکانیان دابن.

دیارە کە باس لە ریسالەتی ڕووناکبیران دەکرێ، بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ باس لە پێناسەی ڕووناکبیرانیش کراوە، بەو مانایە تاکی ڕووناکبیر ئەو کاتە گەیشتۆتە پلەی ڕووناکبیری کە لە لایەك ڕوانگەیەکی جیاواز لە تاکەکانی سەر بە چینو توێژە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەی سەبارەت بە ڕووداو مەسەلە جۆراوجۆرەکانی پێوەندیدار بە کۆمەڵگەکەیەوە پەیدا کردبێو لەم ڕوانگەیەشەوە ئەنگوست لە سەر کەموکورتیو ناتەبایییەکان دابنێو لە هەوڵی بنیاتنانەوەو دۆزینەوەی ڕوانگەی نوێ دابێ سەبارەت بە مەسەلە جۆراوجۆرەکان.

بەم پێیەش لەم هەلومەرجەدا کە کۆمەڵگەکەمان خەریکە لە بوارە فەرهەنگی، کۆمەڵایەتیو سیاسییەکاندا بەرەورووی گۆڕانکاریی چارەنووسسازو یەکلاییکەرەوە دەبێتەوە ئەرکی ڕووناکبیران لە هەر کام لەم بوارانەدا قورسترو هەر لەم کاتەشدا وردتر دێتە بەرچاو؛ بەرەی ئێستای ڕووناکبیرانی کوردستانی ئێران لە دوورێیانی کاری تاك ڕەهەندو تاکەکەسیو گۆشەگیرانە لە لایەكو لە لایەکی دیکەوە کاری فرە ڕەهەندو بەکۆمەڵو ڕێکخراودا هەڵ کەوتووە. بە لەبەر چاو گرتنی ئەم ڕاستییە تاڵە کە گەلەکەمان لە کوردستانی ئێران لە قۆناخێکی سەختی مێژووی خۆی دایەو ئێستاش نەیتوانیوە قۆناخی رزگاریی نیشتمانی تێپەر کاو وەك گەلێکی خاوەن دەسەڵاتی سیاسی ـ لە هەر کام لە ئاستەکانیدا ـ بواری ئەوەی بۆ ڕەخسا بێ وزەو توانا فیکریو ئینسانیو ئابوورییەکانی خۆی بۆ هێندێك بواری تایبەتی وەك گەشە پێدانو مۆدێرنیزە کردنی بوارەکانی ئابووری، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی، سیاسیو . . . تەرخان بکا. ئەو پرسیارە دێتە گۆڕێ کە ڕووناکبیرانی کوردستانی ئێران بۆ ڕێگەی دووهەم نەکەنە شێوازی کار کردنی ئەم قۆناخە؟ دیارە کە باس لە هەڵبژاردنو ڕەچاو کردنی شێوازی دووهەم دەکرێ بەو مانایە نیە کە کاری تاکەکەسیو تاك ڕەهەندی ڕووناکبیرانی کوردستانی ئێران لە بوارە جۆراوجۆرەکانی وەك فەرهەنگ، ئەدەبیات، زمانو . . . دا ـ بەتایبەت لەم چەند ساڵەی دواییدا ـ بێ‌ئاکام بووە، بەڵکوو بە جورئەتەوە دەتوانین بڵێین دەسکەوتی پڕ بایەخیان وەدەست هێناوە.

ئاورێك لە هەڵسوکەوتو ئاکامە سیاسی، فەرهەنگییەکانی ڕووناکبیرانی دوای گۆڕانی ڕێژیمی سیاسیی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧دا دەتوانێ هەم بەڵگەیەك بێ بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییەو هەمیش دەربڕی نموونەیەکی نایەکگرتوویی‌و چەند پارچەیی توێژی ڕووناکبیری کوردستان بێ سەبارەت بە ئامانجە سیاسییە نەتەوەیی‌یەکانی گەلی کورد. ڕووناکبیرانی کورد لەم قۆناخەدا ئەگەرچی توێژێکی بچووکی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەی کوردستان بوون، سەرەڕای ئەمەش بەو هۆیەوە کە ناسیاوییەکی ئەوتۆیان سەبارەت بە ئامانجە نەتەوەیی‌یەکانیان نەبوو بێجگە لەوەی لە نێوان چەند ڕەوتی جۆراوجۆری سیاسی (لایەنە جۆراوجۆرەکانی چەپی سوننەتیو ڕاستو کۆنەپارێز )دا دابەش ببوون. لە ئاستەمترین هەلومەرجی سیاسییشدا نەیان توانی تەنانەت لە سەر مەسەلەی مانو مەوجوودییەتی نەتەوایەتیشیان کە ئەو کات لە لایەن کۆنەپەرستیی تازە بە دەسەڵات گەیشتووەوە لە مەترسی دابوون، ئامانجێکی هاوبەش کۆیان کاتەوەو واز لەو ئیدئۆلۆژییانە بێنن کە دواتریش دەرکەوت بێجگە لە شەق کردنی بەرەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان چ دیارییەکی دیکەی پێ نەبوو.

ئەوە ڕاستە کە ئێستا هەلومەرجێکی بە تەواوی جیاواز لە گۆڕێ دایەو فەزای سیاسیی کوردستان گۆڕانی بەرچاوی بە سەر داهاتووەو تەنانەت زانستگەکانی ناوچە دوور دەستەکانی ئێرانو ئەو جێگایانەی خوێندکارێکی کوردی گەیشتۆتێ بوونەتە ناوەندی تاوتوێ کردنی مەسەلە پێوەندیدارەکان بە کوردستانو خەباتە شۆڕشگێڕانەکەیەوە، بەڵام بەو حاڵەش هەلومەرجی نوێ پێداویستیی نوێ دەخوازێ: **الف) لەم قۆناخەشدا یەکگرتوویی‌و ڕێکخراوبوونی ڕووناکبیرانی کوردستانو حوزووری چالاکانەی ئەوان لە گۆڕەپانی سیاسیی کوردستاندا ـ لە هەر شکلێکی دابێ ـ وەك پێویستییەکی سەرەکی خۆ دەنوێنێ. ب) پێویستە چینو توێژە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکان هەر کامەو بەشێوەیەك ڕاکێشی گۆڕەپانی سیاسی بکرێن. ج) ئامانجو بەرنامە سیاسییەکان بە پێی شێوازی نوێو توانای شۆڕشگێڕانەی کۆمەڵگە تیئۆریزە بکرێن.**

دیارە ئەوە بڵێین ڕێکخراو بوونو یەکگرتوویی ڕووناکبیران لە سەر مەسەلە سیاسی ـ نەتەوەیی‌یەکان بەو مانایە نیە ئەوان لە ئەرکی ڕەخنەگرانەو خولقاندنی ڕوانگەی نوێ سەبارەت بە لایەنە جیاجیاکانی ژیانی کۆمەڵایەتی دوور خرێنەوە یان باشتر بڵێین نەهێڵین ئەوان ریسالەتەکانی دیکەیان بەجێ بگەیەنن، بەڵکوو ڕاست بەو مانایەیە کە حوزووری بەرچاوو لێبڕاوانەیان لە گۆڕەپانی کاری سیاسیدا لە لایەك دەتوانێ لە بواری گشتی (حوزە عمومی)دا یارمەتی بە گەشەو پەرەئەستاندنی وریایی نەتەوەیی لە نێو کۆمەڵانی خەڵکدا بکاو لە لایەکی دیکەوە لە تیئۆریزە کردنو چەسپاندنی ئامانجە سیاسییە واقیعبینانەکانی ئەم قۆناخەی بزووتنەوەی سیاسیی کوردستاندا نەخشی کاریی هەبێ. چونکە بمانهەوێ یان نەمانهەوێ چ لە رابردوودا و چ لە ئێستادا کوردستان لە پلەی یەکەمدا ژینگەیەکی سیاسی بووەو هەیە. کەواتە پێویستیی پلەیەکی ئەم ژینگەیە بە شێوەیەکی نەخوازراویش بێ کاری سیاسییە ئەویش لە شێوە گشتگیرەکەیدا. بۆیە پێویستە بۆ زیاتر عەقلانی کردنو بەهێز کردنی ئەم ژینگەیە لە پێشەوەی هەمواندا توێژی ڕووناکبیری ئەم کۆمەڵگایە بەشێوازو مێتۆدی نوێوە بێنە مەیدان.

حوزووری بەرچاوتر، یەکگرتووانەو ڕێکخراوی ڕووناکبیران لە ژینگەی سیاسیی کوردستانداو بەتایبەت لە ریزەکانی بزووتنەوەی کوردستاندا دەتوانێ شوێنەواری ڕاستەوخۆو بەرچاویشی لە کاراتر کردنی ئەو ژینگەیەو بزووتنەوە مافخوازانەکەیدا هەبێ. لەم حاڵەتەدا هەم فەزای سیاسیی گۆڕانی تێدا پێك دێو هەمیش ڕووناکبیران دەتوانن بە کەڵك وەرگرتن لە مێتۆدو ڕێنوێنییە سیاسیو تەشکیلاتییەکانی ڕێبەرایەتیی بزووتنەوە بە بەرچاو ڕوونییەوە هەنگاو بنێنو ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەش ڕاو بۆچوونەکانی ئەوان لە بەرچاو بگرێ. کە باس لە حوزووری یەکگرتووانەو ڕێکخراوی ڕووناکبیران لە ژینگەی سیاسیی کوردستانو بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەکەی دەکرێ، پێویستە ئەم ڕاستییانەشمان وتبێ کە مەبەست ئەوە نیە هەموویان بە کەمتەرخەمیو دوورەپەرێزی لە ئاست مەسەلە جیددیو حەیاتییەکانی کوردستان تاوانبار بکەین، یان کردەوەی هێندێك لە وان بخەینە ژێر زەرەبینەوە. مەبەست لێرەدا تەنیا ئەوەیە کە بە سەرنجدان بەو هەلومەرجە سیاسی ـ کۆمەڵایەتییەی لە کوردستان لە گۆڕی دایە، پێویستییەکانمان خستبێتە بەرچاوو بەم پێیەش پەنجەمان بۆ ئەرکو بەرپرسایەتییەکانی ئێستای یەکێك لە توێژە هەرە گرنگەکانی کۆمەڵگاکەمان ڕاداشتبێو وێرای ئەویش ڕەخنەمان لە کەموکووڕیی کاری ئەوان گرتبێ.

بە کورتی هەر چەند ئەم باسە زۆر هەڵ دەگرێو پێویستی بە لێدوانو تاوتۆ کردنی زیاتر هەیە، بەڵام گومان لەوەدا نیە کە پێویستە ڕووناکبیرانی کوردستانی ئێران وێرای هێنانە بەرچاوی ڕاستییەکانی کۆمەڵگە بیر لەو ئەرکو بەرپرسایەتییانە بکەنەوە کە کەوتوونەتە سەر شانیانو کارێك بکەن کە شوێن پەنجەیان لە دروست کردنی ئەو داهاتوویەدا دیار بێ کە لە پێشمان دایە. بێگومانیش بن لەوەی دوورەپەرێزیو تەکرەوی لە ئەرکو ریسالەتی ڕووناکبیرانی کورد بە دوورن.

کوردستان

ژمارە ٣٥٤ (١٥ی سەرماوەزی ١٣٨١)

# چ ڕێفراندۆمێك؟

م. مەعرووفی

لە یەك دوو ساڵ لەمەو بەرەوە باسی پێویستیی بەڕێوەچوونی ڕێفراندۆمێك دەكرێ لە لایەن ڕێفورمخوازانی دەرەوەی دەسەڵات لە پێشداو پاشان ڕێفورمخوازانی نێو دەسەڵاتەوە هاتۆتە گۆڕێ. داخوازی بۆ ڕێفورم لەو كاتەوە لە لایەن ئەو هێزانەوە هاتۆتە گۆڕ كە ئەوانیش وەك هەر هێزێكی دیكەی دەرەوەی دەسەڵات، سەرەنجام هاتوونە سەر ئەو باوەڕە كە قەیرانو گیروگرفتەكان لەنێو خۆی ئەو ڕێژیمەدا چارەسەر نابنو پێویستە پەنا ببرێتە بەر دەنگی خەڵكەوە.

دیارە روون نیە ئەو ڕێفراندۆمەی باسی دەكرێ چە ڕێفراندۆمێكەو لەبارەی چ مەسەلەیەكەوەیە. ڕێفراندۆم وەك زاراوەیەكی سیاسی ئاوا پێناسە كراوە:

ڕێفراندۆم بریتییە لە پەنابردن بۆ دەنگی دەنگدەران لەبارەی مەسەلەیەكی تایبەتیی سیاسی لە وڵاتداو بڕیاری راستەوخۆی ئەوان لەسەر ئەو مەسەلەیە(١). ئەو مەسەلەیە دەكرێ مەسەلەیەكی گرنگی وڵات بێ، وەك گۆڕینو دیاریكردنی شێوەی حكوومەت لە وڵاتداو، پێویستیی گۆڕینی قانوونی ئەساسیو دەشكرێ لەبارەی مەسەلە جۆراوجۆرەكانی دیكەی وڵات بێ.

**بەری تاڵو تفتی ڕێفراندۆمێك**

لە وڵاتی ئێمەشدا جارێك ئەو ڕێفراندۆمە بەڕێوە چوو؛ لە ڕۆژەكانی ١٠ و ١١ی خاكەلێوەی ١٣٥٨دا خومەینی ڕێفراندۆمێكی نادێموكراتیكی بەسەر خەڵكی وڵاتەكەماندا سەپاند. ئاكامی ئەو ڕێفراندۆمە لە ڕۆژی ١٢ی خاكەلێوەدا ڕاگەیەندرا. لەو ڕێفراندۆمەدا زۆرینەی خەڵك لە نێوان "بەڵێ"و "نا"یەكدا بۆ كۆماری ئیسلامی كە خومەینی ناچاری كردبوون یەك لەم دوانە هەڵبژێرن، دەنگیان بە "بەڵێ" دا. "كۆماری ئیسلامی، وشەیەك نە زیاد نە كەم" ئەمە دروشمی خومەینی بوو لە بەرامبەر ئەو هێزانەدا كە خوازیاری ئەوە بوون لانیكەم پاشگری "ئازادی" یان "دێموكراتیك"ی پێوە زیاد بكرێ.

بەڕێوەبردنی ئەم جۆرە ڕێفراندۆمە لەهەر ڕوویەكەوە بە قازانجی خومەینی و دارودەستەكەی بوو كە پاشان بە تەواوی دەستیان بەسەر وڵاتدا گرتو لە ماوەی نزیك بە ٢٤ ساڵدا ئەو وەزعەیان بەسەر وڵاتەكەمان داهێناوە كە دەیبینین. ئەو كات خومەینیو بۆچوونو كردەوەكانی بۆ زۆر لە خەڵكی وەك پێویست نەناسرابووو ئەمە لەبەرامبەر شتێكدا هەڵكەوتبوو كە هەمووی سێ مانگ پێشتر بەخوێنو فیداكاری لە نێو چووبوو (ڕێژیمی پاشایەتی). "بەڵێ" بە مانای هەڵبژاردنی سیستمێك غەیری سیستمی پاشایەتی بوو نەك "كۆماری ئیسلامی" كە لە نێوەڕۆكەكەی شارەزا بنو خەباتیان بۆ وی كردبێ. "نا"ش روون بوو كە بە مانای ڕەتكردنەوەی ڕێژیمی پاشایەتی بوو. نزیكەی ٢٤ ساڵ دەسەڵاتی كۆماری ئیسلامی دەریخستوە كە خەڵك ئەو كات بەهۆی زاڵبوونی گیانی شۆڕشگێڕی لە دژی ڕێژیمی شایەتیو هەلومەرجی زاڵ بەسەر ئەو كاتدا تەنیا دەرفەتی گۆڕینی دیكتاتۆرەكانی هەبوو نەك گۆڕینی دیكتاتۆری بۆ دێموكراسی. لە حاڵێكدا مەترسیی "دیكتاتوری تازە نەفەس" زۆر زیاترە لە دیكتاتورییەك كە شیرازەی لێك هەڵوەشاوەو تانو پۆی لێك ترازاوە. بە داخەوە لە وڵاتی ئێمەشدا ڕووداوێك دووپات بۆوە كە نیوسەدە پێشتر لە وڵاتی ئەڵمان بە هەڵبژاردنی "هیتلێر" ڕووی دا. هەرچەند ڕێفراندۆمەكە جگە لەوەی كە لە نێوەڕۆكدا نادێموكراتیك بوو، فرتو فێڵی زۆری تێدا كراو لە هەموو ناوچەیەكی وڵاتیشدا بەڕێوە نەچوو، بەڵام دیكتاتۆری "تازە نەفەس" لە هەموو كردەوەیەكی دژی ئینسانیدا لە بەرامبەر ڕەخنەو نارەزایەتیی خەڵكو موخالیفاندا ئەو دەنگانە بە چاوی خەڵكدا دەداتەوەو ئەو ڕۆژەی بە ڕۆژی "كۆماری ئیسلامی" ناودێر كردوە.

**ڕێفراندۆم نابێ نوێكردنەوەی دیكتاتۆری بێ**

لە وڵاتی ئێمەدا كە ئیعتراز و نارەزایەتی لە دژی دیكتاتۆری كۆماری ئیسلامیدا ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتر پەرە دەگرێ، ڕێفراندۆم نابێ ریفورمخوازانە بێ كە ئەوەندە بچووك، بەرتەسك، بكرێتەوە تەنیا بۆ چارە سەركردنی گیروگرفتێك لە نێو دەیانو سەدان گیروگرفتی دیكەی وڵاتدا بەڕێوە بچێ. هەروەك گوترا ئێمە لە ڕابردوودا خاوەنی ئەزموونی ڕێفراندۆمین، بۆیە هەر ڕێفراندۆمێك كە



لە بارەی گەلاڵەكانی سەركۆمارەوە ـ مانا نیستانی

بەڕێوە دەچێ، دەبێ ویستو داخوازی بنەڕەتی خەڵك كە بریتییە لە ئازادیو دێموكراسیی تێدا بگونجێ. ڕێفراندۆمی سەركەوتوو نابێ تەنیا بۆ لابردنی گیروگرفتێك یان لابردنی مۆرەیەكی ڕێژیمو دیكتاتۆرێك بێ، بەڵكوو لەگەڵ ئەمانەشدا دەبێ بۆ دانانی ڕێگەچارەی گونجاو، دابین كردنی ئازادیو دێموكراسی بێ. ئەگینا مەترسیی ئەوە دێتە گۆڕێ كە جارێكی دیكە یەكێك لە ئوسووڵە گرنگەكانی دێموكراسی واتە هەڵبژاردن لە خزمەت بەسەركەوتنی دیكتاتۆردا بەكار بێ. كەوابوو بە لەبەر چاو گرتنی هەلومەرجی ئەمڕۆی وڵاتەكەمان ڕێفراندۆمێك دەتوانێ ڕاستەقینەو سەركەوتوو بێ كە لانیكەم دوو تایبەتمەندیی سەركی هەبن:

١ـ تایبەت نەبێ بە مەسەلەیەكو چەند مەسەلەی لاوەكی، بەڵكوو لەبارەی هەموو مەسەلەكانی وڵات بەتایبەتی شێوەی حكوومەتەوە بێ.

٢ـ ریفورمیستانەو ڕواڵەتی نەبێ، بەڵكوو قووڵو شۆڕشگێرانە بێو سیستمی ئێستا لە بنەڕەتدا ڕەت بكاتەوەو خوازیاری سیستمێكی نوێ بێ كە ئازادیو دێموكراسی دەستەبەر دەكا.

**ڕێفراندۆم لە ژێر سێبەری كۆماری ئیسلامیدا بەڕێوە دەچێ؟**

جارێك ئەو ڕێژیمە بە فرتوفێڵو بە زۆری ڕێفراندۆمێكی بەسەر خەڵكدا سەپاندو دەنگی دڵخوازی خۆی لە خەڵكی ستاند. دوور نیە ئەگەر جارێكی دیكەش بۆ چاونووساندنیش بێ ڕێفراندۆمێكی ڕواڵەتی ساز بكا كە هەم بتوانێ كونترۆڵی بكاو هەم دڵنیا بێ كە مەبەستەكانی لەو ڕێفراندۆمەدا وەدیدێن. بەتایبەتی كە لە ماوەی دەسەڵاتی خۆیدا ئەزموونی زۆری لە یاریكردن بە هەڵبژاردن وەسەر یەك ناوە. بەڵام ئەگەر مەبەست ڕێفراندۆمێكی ئازاد بێ، نە كۆماری ئیسلامی تا ئەو كاتەی دەسەڵاتی هەیە ئیجازە دەدا لە وڵاتی ئێمەدا بەڕێوە بچێو نە كۆماری ئیسلامییش ئەگەر ئەو ڕێفراندۆمە بەڕیوە بچێ، لەسەر كار دەمێنێ. كەوابوو تا ئەو ڕێژیمە لەسەر كارە ئێمە شاهیدی بەڕێوەچوونی ڕێفراندۆمی ئازاد لە وڵاتەكەماندا نابین.

ئەو ڕێفراندۆمەی كە هێندێك كۆڕو كۆمەڵو ڕێكخراوی جۆراوجۆر لە خۆپیشانداناو ڕاگەیەندراوەكانیاندا باسی دەكەن، نە بۆ كۆماری ئیسلامی كە چە هەڵوێستێكی لە بەرامبەردا بگرێ روونە، نە بۆ ئۆپۆزیسیونو خەڵكی وڵاتەكەشمان. داخوازی ڕێفراندۆم جارێكی دیكە لەهەڵبژاردنی سەركۆماریدا، جارێك لە جەرەیانی گیرانی یەكێك لە نوێنەرانی مەجلیسداو ئێستاش لە جەرەیانی خۆپێشاندانەكان لە ئیعتراز بە دەرچوونی حوكمی ئیعدام بۆ هاشمی ئاغاجەریدا هاتۆتە گۆڕێ.

بەڵام شتێك كە لەو پێوەندییەدا روونە ئەوەیە، هێنانە گۆڕی داخوازی ڕێفراندۆم سەبارەت بەوەیە كە ئەو هێزو لایەنانە بۆیان دەركەوتوە كە ڕێفراندۆم لە وڵاتدا بە بنبەست گەیشتوەو خاتەمیو دەوڵەتەكەیو ریفورمخوازانی نێو دەسەڵات توانای وەدیهێنانی ویستو داخوازییەكانی ئەوانیان نیەو پێویستە پەنا ببرێتە بەر دەنگی خەڵك. بەڵام موحافیزەكارەكانی ئێران كە دەسەڵاتی ئەسڵییان بەدەستە، چۆن تا ئێستا ملیان بۆ هیچ كام لە بەرنامە ریفورمیستییەكانی قۆڵی بەرامبەریاندا ڕانەكێشاوە، بێگومان مل بۆ ئەو ڕێفراندۆمە كە لانیكەم جارێ روون نیە، بۆ چیە ڕاناكێشێ.

**(١) فەرهەنگی علووم سیاسی، غولامرەزا عەلی باباییو دوكتور بەهمەن ئاقایی بەرگی یەكەم ل ـ ٣٣٣**

# ناوی چیای "ئەڤرین" چۆن كرا بە "محەممەد ئاغا"

**مامۆستا "مستەفا رووحانی" مامۆستایەكی ئایینیی خەباتگێڕی كوردە كە ئێستا لە ریزی تێكۆشەرانی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێراندا خەبات دەكا. مامۆستا بەر لەوەی بێتە ریزی تێكۆشەرانی حیزب لە نێو كوردەكانی ناوچەی "خۆی" مامۆستای ئایینی بوو. ئەو مامۆستا بەڕێزە بە تاوانی ئەندامەتیی حیزبی دێموكراتو هەوڵدان بۆ ویستو داخوازەكانی گەلی كورد، لە لایەن دەزگای جاسووسیو سەركوتی كۆماری ئیسلامییەوە گیراو لەگەڵ ئەشكەنجەو ئازارو بێحورمەتییەكی زۆر بەرەوڕوو بوو. كورتەیەك لە بەسەرهاتی گیرانو ئەشكەنجەدرانی مامۆستا، كاتی خۆی لە "كوردستان"دا بڵاو بۆوە. بەڕێز مەلا مستەفا لە نووسراوەیەكدا، چونیەتیی ناوگۆڕینی یەكێك لە چیاكانی ئەو ناوچەیە لە لایەن ئوستانداری ئازەربایجانی ڕۆژئاواوەی بۆ "كوردستان" نووسیوە كە دەیخەینە بەرچاوی خوێنەرانی بەڕێز:**



ئەوە كە دوژمن گەلی كورد بەردەوام بۆ سڕینەوەی پێناسەی نەتەوایەتیی گەلی كورد لە هیچ چەشنە كردەوەیەك خۆیان نەبواردوە، شتێك نیە شاراوە بێو بەئاشكرا لە هەموو بوارەكانی مێژووییو كەلتووری، سیاسیو كۆمەڵایەتیو تەنانەت جۆغرافیاییشدا ئاسەواری ئەو هەوڵو تێكۆشانە بەرچاو دەكەوێ مێژووی نەتەوەی كورد پڕە لەو جۆرە هەوڵانە. لە تواندنەوەو لە نێو بردنی زمانو فەرهەنگی ئەو گەلە ڕا بگرە هەتا دەگاتە لە نێو بردنی فیزیكیی كوردەكان. یەكێك لەو هەوڵانە گۆڕینی ناوی گوندو شارەكانی كوردستانو سڕینەوەی ناوە كوردیو خۆماڵییەكان لە سەر شاخەكان، چۆمەكان، كانیاوەكانو شوێنە مێژووییەكانی كوردستانە. ئەم سیاسەتە لە كوردستانی ئێرانیش بە درێژایی مێژوو بەڕێوە چووە.

ئەوەی لێرە مەبەستی نووسەری ئەو دێڕانەیە، لەقاودانو ئاشكرا كردنی پیلانێكی مەبەستداری ڕێبەرانی نیزامی ئیسلامییە لە ناوچەی "قوتوور" سەر بە شارستانی "خۆی" (شیمالی ئوستانی ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات) كە هۆزە كوردەكان لەوێ دەژین. لەو ناوچەیە چیایەك بە ناوی "ئەڤرین" هەیە كە بەرزاییەكەی ٣٣٤٥ میترەو ئێستا ناوی گۆڕاوەو لە "ئەڤرین"ڕا بۆتە چیای "محەممەد ئاغا".

ئەوە شتێكی ئاشكرایە كە مەبەستی ڕێژیم لە گۆڕینی ناوی ئەو شاخە هەر لە درێژەی سیاسەتە شووێنیستییەكانی بەرامبەر بە گەلی كورد دایە. بەڵام بەسەرهاتی گۆڕینی ناوی "ئەڤرین" خۆی جێی تێڕامانە.

ئوستانداری ئازەربایجانی ڕۆژئاوا ساڵی ١٣٧٤ی هەتاوی لە محەممەد ئاغا، شاخەوانی پیرو پەككەوتە كە تووشی نەخۆشیی تەنگە نەفەس (پشوو سوار بوون) ببوو ڕادەسپێرێ تا سەرۆكایەتیی تیمێكی شاخەوانی بۆ سەركەوتن لە بەرزاییەكانی "ئەڤرین" بكا. هەر چەند محەممەد ئاغا نزاو ناڵە دەكا كە نەخۆشەو دوكتورەكان لە كاری سەخت مەنعیان كردوەو نەك شاخەوانیو تەنانەت توانای ڕێگا ڕۆیشتنی ئاساییشی نیە، ئەمانە هیچی بە گوێی ئوستانداردا ناچنو محەممەد ئاغا ناچار بەو مەئمووریيەتە دەكەن. بەڵام محەممەد ئاغا داوی چەند كاتژمێر ڕێگا بڕین لە هاوینە هەواری "پیر خەنجەرخان" گیانی خۆی لە دەست داو دوای چەند ڕۆژ لە لایەن ئوستانداریيەوە تابلۆیەك بە ناوی محەممەد ئاغا لە داوێنی "ئەڤرین" چەقێندراوو بە شێوەی ڕەسمی ناوی چیای "ئەڤرین" كرا بە چیای "محەممەد ئاغا."

بۆ زانیاریی خوێنەران پێویستە بگوترێ كە "ئەڤرین" لە ڕۆژئاوای شاری خۆی هەڵكەوتوەو كەوتۆتە نێوان هاوینە هەوارەكانی چوغر (باكوور)، گولەر (باشوور)و پیر خەنجەران، "سەلنگی بەلی"و "حاجی سمایل" (ڕۆژئاوا). هەروەها شاخی "گیربەران" كە بەرزاییەكەی ٣١٦٢ میترە لە ڕۆژئاوای ئەڤرین هەڵكەوتووە.

**مامۆستا مەلا مستەفا لە درێژەی نووسراوەكەیدا دەنووسێ:**

بە گوێرەی هێندێك سەرچاوە، بنەچەكەی دانیشتووانی ئێستای دەورووبەری چیای "ئەڤرین" نزیكەی ٤٠٠ ساڵ لەمەوبەر لە شوێنێك بە ناوی "گیلەسن" (لە كوردستانی باكوورەوە) بۆ ژیان هاتوونە كوردستانی ئێرانو ئەوان ماوەیەك لە تەرگەوەڕو مەرگەوەڕ ماونەوە. دوو كەس لە وان بە ناوەكانی مەلا هەباسو مەلا داوود چوونەتە ناوچەی قوتوورو لە گوندی "هیندوان" نیشتەجێ بوون. بەرەبەرە وەرەسەی ئەو دوو بنەماڵەیە، دانیشتووانی چەندین گوندی ئەو ناوچەیەیان پێك هێنا. تایفەكانی "شاهبازی"، "شێخ ئەسەدی"، "حاجی محەممەدی"و "شێر ئالی"، "حاجی عوسمان" لەوانن. لە زەمانی سمایل ئاغای سمكۆدا تایفەیەك بە ناوی مكانلوو لە ناوچەی ماكۆڕا هاتنە ئەو ناوچەیەو لە ناوچەیەی قوتوورو لە داوێنی چیای "ئەڤرین"دا نیشتەجێ بوون.

ناوی چیای "ئەڤرین" لە دوو وشەی "ئاو"و "رین" پێك هاتوە. خەڵكی ئەو ناوچەیە بە ڕۆن (روغن) دەڵێن "رین". مەبەست لەو ناوە ئەوەیە ئاوەكەی زۆر زوڵاڵو سازگارەو هەر مەڕو مانگایەكی لێی بخواتەوە دەیكا بە ڕۆن. لە درێژایی ڕۆژگاردا وشەی "ئاڤرین" سواوەو بووە بە "ئەڤرین". لە نیشانەكانی بە پیتو بەرەكەت بوونی ئەو ئاوە، ئەو میوەو بەرهەمە كشتوكاڵیانەیە كە لە "ڕەجەب باغی"، لە گوندی "بەدل ئاباد"، بەو ئاوە ڕەنێو دەهێنرێن، وەك سێو، یەرەڵماسیو . . . .

ناوی چیای "ئەڤرین" لە فۆلكلۆری خەڵكی ئەو ناوچەیەو لە شێعری شاعیرانی كۆنی ئەو دەڤەرەدا، زۆر جار دووپات بۆتەوە، بۆ وێنە:

**كانیا وارێ مەیدانێ**
**مەلا دخونێت قورئانێ**
**یار لە ئەڤرینێ گول دەچێنێ**
**ئەزێ ل دیارێ ئەڤرینێ دكەتم وارێ**
**چوغر ئەردی لێژە**
**عێلو عەشیرێ كوردان**
**ل كۆنێ مەڵا مووسا بەگی**
**كرن گوتوبێژ**
**سەرێ مە دێشە، دلێ مەش پێرا**
**ئەز ئیرۆ وەكی چیایی ئەڤرینێ**
**سەڕێ مە خالی نابە ل دوومانو مژە**

**ئەلیاس داودی دایناوە**

***

**ئەزێ دیارێ ئەڤرینێ**
**دكەتم وارێ تەنگێ**
**مە دی ژێنراڵەكی حزبا دێموكرات (*)**
**بارا بێلێ ئەڵمانی بەر كێلەكێ**
**دەستێ خۆ دانابوو سەر ملی حاجی بەهلوول**
**دكر گلێ گازندە ل پیرە فەلەكێ**


* مەبەست سەرگورد عەبباسییە (كە ئەندامی كومیتەی ناوەندیو فەرماندەرێكی حیزبی دێموكرات بوو لە شیمالی كوردستان شەهید بوو.)


◆◆◆



# براکانی موحێبی، پازدەساڵ بێ ڕەقیب لە زۆرانی ئێران‌دا

میهدی بەدری





زۆران، وەرزشی یەکەمی ئێرانە کە تا ئێستا زۆرترین میداڵو شانازیی بۆ ئەم وڵاتە لە یاری‌یەکانی ئولەمپیکی جیهانی‌و ئاسایی‌دا وەدەست هێناوە. لە نێوخۆی ئێرانیش‌دا ئەم وەرزشە بە شێوەیەکی گشتی بەڕێوە دەچێو خەڵکی بە عەلاقەوە سەیری یاری‌یەکان دەکەن. مازەندەران، خوراسان، تارانو کرماشان، ئوستانە بەهێزەکانی زۆرانی ئێرانن کە هەموو ساڵێك پلەی یەکەم تا سێهەمی زۆرانی قارەمانیی ئێران لە نێوان ئەو چوار ئوستانەدا، دابەش دەکرێ.

کرماشان لە زۆرانی ئێران‌دا، مێژوویەکی دوورو درێژی هەیەو قارەمانانێکی زۆری بە زۆرانی ئێران ناساندوە کە دەیان شانازی‌و میداڵیان بۆ وەرزشی ئێران وەدەست هێناوە. براکانی موحێبی، زەرڕینی، ڕەجەبی، ئەڵلایاری، چایچی، حوسێنی، گەنجابی، بولەند ئێقباڵ، قەنبەری، کەهریزی، ئیسماعیل بەیگی‌و . . . زۆرانەوانەکانی کرماشان بوون کە لەو بوارەدا سەرکەوتنی بەرچاویان وەدەست هێناوە. لە نێو ئەو یاریزانانەدا حوسێن‌و حەسەنی موحێبی کەسانێك بوون کە بۆ ماوەی ١٥ ساڵ قارەمانی زۆرانی ئێران بوون‌و لەو ماوەیەدا دەیان میداڵی جۆراوجۆری ئاسیایی‌و جیهانییان بۆ زۆرانی ئێران وەدەست هێناوە.

حوسێن ساڵی ١٣٣٥و حەسەن ساڵی ١٣٣٦ لە شاری کرماشان لە بنەماڵەیەکی وەرزشکاردا لە دایك بوون. باوکیان ساڵی ١٣١٩ پلەی دووهەمی زۆرانی پاڵەوانیی ئێرانی وەدەست هێناو ساڵی ١٣٢٤یش پلەی یەکەمی زۆرانی پاڵەوانی ئێران کردە هی خۆی‌و بووە پاڵەوانی ئێران. هەر بۆیە لە کرماشان‌دا بە "یەدی پاڵەوان" ناوبانگی دەرکرد.

بەرهەمی ژیانی یەدی پاڵەوان سێ کوڕو دوو کچ بوون. کوڕەکان بە ناوەکانی کازم، حوسێن‌و حەسەن کە هەر سێکیان روویان لە وەرزش کردوەو لەو مەیدانەدا ڕۆژ بە ڕۆژ سەرکەوتن وەدەست دێنن. دیارە کازم بە هۆی پەککەوتن (مصدومیت)ی لە یاری‌یەکانی زۆران، وەك ڕاهێنەر درێژە بە زۆران دەدا. بەڵام حوسێن‌و حەسەن زۆر زوو خۆیان لە ئاستی زۆرانی ئێران‌دا، ناساندو توانیان مەقامی قارەمانیی ئێران وەدەست بێنن‌و لە یاری‌یە نێودەوڵەتی‌یەکان‌دا بەشداری بکەن.

یەکەمین سەرکەوتنی حەسەن لە ئاستی جیهان‌دا، ساڵی ١٩٧٧ بوو، کاتێك کە لەگەڵ تیمی لاوانی ژێر بیست ساڵی ئێران لە یاری‌یەکانی قارەمانیی لاوانی جیهان‌دا لە لاس‌وگاس بەشداری کردبوو پلەی یەکەم‌و میداڵی زێڕی وەدەست هێنا. ساڵی دواتر واتە ١٩٧٨ حوسێن لە یاری‌یەکانی قارەمانیی گەورە ساڵانی جیهان لە میکزیکۆسیتی پلەی دووهەم‌و میداڵی زیوی کێشی ٧٤ی وەدەست هێنا. بە دوای ئەو سەرکەوتنەدا موحێبی‌یەکان بۆ ماوەی یازدە ساڵ لە ئێران‌دا، بە بێ ڕەقیب مانەوەو هەموو ساڵێك بە ئاسانی پلەی یەکەمی کێشەکانی ٨٢ (حوسێن)و ٩٠ (حەسەن) ی ئێرانیان وەدەست دەهێنا.

بەداخەوە ساڵی ٥٧ (ساڵی سەرکەوتنی شۆڕشی ئێران)و ساڵەکانی شەڕی ئێران‌و عێراق، سیاسەتەکانی ڕێژیم بوو بە هۆی بەشداری نەکردنی ئێران لە یاری‌یەکانی ئولەمپیکی ١٩٨٠ی موسکۆو ١٩٨٤ی لوس‌ئانجلێس‌و یاری‌یەکانی قارەمانیی زۆرانی جیهان لە ساڵەکانی ١٩٧٩، ١٩٨٣، ١٩٨٦، ١٩٨٧دا. هەر بۆیە حەسەن‌و حوسێن کە باشترین دەورانی وەرزشیی خۆیان بەسەر دەبرد لە وەدەست هێنانی میداڵەکانی ئولەمپیك‌و جیهانی بێبەش بوون.

حەسەن لە ساڵی ١٩٨٥ لە بۆداپێستی مەجارستان پلەی دووهەم‌و میداڵی جیهانیی زیوی وەدەست هێناو ساڵی ١٩٩٠یش لە توکیوی ژاپۆن پلەی سێهەم‌و میداڵی برۆنزی جیهانی وەدەست هێنا. ناوبراو لە یاری‌یەکانی ئاسیایی ١٩٨٢ی دێهلی نودا میداڵی زێڕ، ١٩٨٦ی سیئول زیوو ١٩٩٠ی پێکەن میداڵی زێڕی وەدەست هێناوە. حوسێن لە هەرسێ یاریی ئاسیایی ١٩٨٢، ١٩٨٦، ١٩٩٠دا پلەی یەکەم‌و میداڵی زێڕی وەدەست هێناوە. ئەم دوو برایە جیا لەو سەرکەوتنانە لە یاری‌یەکانی نێودەوڵەتیی وەك تفلیس، گورجستان (ئەو کات سەربە شووروەویی پێشوو بوو) (بولغارستان)، یاشاردوغو (تورکیە)، تەختی (ئێران)و. . . هتد دەیان میداڵی جۆراوجۆریان وەدەست هێناوە. بە دوای پازدەساڵ یاری لە ئاستی جیهان‌دا ساڵی ١٣٧٢ بە تەواوی وازیان لە بەشداری لە یاری‌یەکانی زۆران هێناو لەو کاتەوە تا ئێستا وەك ڕاهێنەری زۆران ئەزموونەکانی خۆیان پێشکەشی لاوانی کرماشان کردوە.

پێویستە بگوترێ لە ساڵی ١٣٨٠وە حەسەن موحێبی وەك ڕاهێنەری سەرەکیی زۆرانی ئێران دیاری کراوە بە ڕاهێنەریی ئەو بوو کە ئێران قارەمانی یاری‌یەکانی جیهانی لە ساڵی ٢٠٠٢ی تارانی وەدەست هێنا. یەك مانگ دوای یاری‌یەکانی جیهانی لە یاری‌یەکانی ئاسیایی بووسان‌دا، زۆرانی ئێران پلەی سێهەمی وەدەست هێنا، هێندێك لایەن‌و کەسایەتی ڕەخنەی خۆیان ئاراستەی موحێبی ڕاهێنەری تیم کرد. ئەوە لە حاڵێك‌دایە، کاتێك کە ئێران پلەی یەکەمی جیهانی وەدەست هێنا، تەنانەت یەك بەرپرسی وەرزشی ماندوونەبوونی لە موحیبی نەکرد. عەلی‌ڕەزا حەیدەری زۆرانەوانی کێشی ٩٦ کیلۆی ئێران لە یاری‌یەکانی جیهانی‌و ئاسیایی لە وتووێژێك‌دا سەبارەت بە ڕاهێنەریی موحێبی گوتی: ناوبرا لە کاری خۆی‌دا زۆر مودیرو ڕێك‌و پێکەو قارەمانیمان لە ئاستی جیهان‌دا، بەرهەمی زەحمەتەکانی موحێبی‌یەو لە یاری‌یەکانی ئاسیایی‌دا هۆی شکستەکەمان بێ‌بەرنامەیی فیدراسیۆنی زۆران بووە نە حەسەنی موحیبی.

سەرچاوەکان:

١ـ دنیای وەرزش، ژمارە ١٥١٤
٢ـ دنیای وەرزش، ژمارە ١٥٢١
٣ـ کیهان وەرزشی، ژمارە ٢٣٥٠

# هەواڵە وەرزشی‌یەکان

ئامادە کردنی: ئەشکان

## بۆکسی کرماشان‌و پلەی سێهەمی ئێران

یاری‌یەکانی قارەمانیی بۆکسی ئێران، کە مانگی خەزەڵوەری ئەم ساڵ لە مازەندەران بەڕێوە چوو کۆتایی پێ‌هات‌و یاریزانانی کرماشان چەند سەرکەوتنێکیان وەدەست هێنا. لە کێشی ٨١ کیلۆدا، محەممەد ڕەزا قاروونی‌و، لە کێشی ٩١ کیلۆش‌دا عەلی مەزاهیری پلەی یەکەمیان وەدەست هێنا. هەروەها بە دوای تاران‌و خوراسان تیمی کرماشان پلەی سێهەمی بۆکسی ئێرانی وەدەست هێنا.

## پلەی سێهەمی کرماشان لە یاریی شمشێربازیی ئێران‌دا

لە یاری‌یەکانی قارەمانیی شمشێربازیی ئێران‌دا کە مانگی خەزەڵوەر لە شاری ساری بەڕێوە چوو، یاریزانانی کرماشان ئەم سەرکەوتنانەیان وەدەست هێنا:

لە تاکەکەسیی "سابێر"دا حیسام خاجەوی پلەی دووهەمی وەدەست هێنا.

لە تیمی "سابێر"دا تیمی کرماشان پلەی سێهەمی ئێرانی وەدەست هێنا.

لە تیمی فلورەدا، تیمی کرماشان پلەی دووهەمی ئێرانی وەدەست هێنا.

## سەرکەوتنی سەعید بریموندی لە زۆرانی ئێران‌دا

یاری‌یەکانی قارەمانیی زۆرانی پێگەیشتووانی (ژێر ١٧ ساڵ)ی ئێران کە بە بەشداریی ٢٧٥ زۆرانەوان لە چوارچێوەی ٣١ تیم لە ٢٨ ئوستانی ئێرانەوە کە لە شاری تەورێز دەستی پێ‌کردبوو، کۆتایی پێ‌هات.

لەم یارییانەدا، سەعید بریموندی زۆرانەوانی کرماشانی پلەی یەکەمی کێشی ١٠٠ کیلۆی ئێرانی وەدەست هێنا.

## کوورش باقری‌و میداڵی برۆنزی جیهان

یاری‌یەکانی کێش هەڵگریی قارەمانیی جیهان کە بە بەشداری ١٧٠ کێش هەڵگری ٥٨ وڵاتی جیهان لە شاری وەرشۆی لەهێستان دەستی پێ‌کردبوو، ڕۆژی ٨١/٩/٥ بە قارەمانیی چین کۆتایی پێ‌هات.

لەم یاری‌یانەدا، کوورش باقری کێش هەڵگری کرماشانیی تیمی ئێران کە ساڵی ٢٠٠١ پلەی یەکەمی جیهانی وەدەست هێنابوو، پلەی سێهەم‌و میداڵی برۆنزی حەرەکەتی دوو جار (دو ضرب)ی وەدەست هێنا. ناوبراو لە حەرەکەتی یەك جا (یك ضرب) نەیتوانی کێشەکان هەڵبگرێ هەربۆیە لەم بەشەدا وەلانرا. بەڵام لە حەرەکەتی دووجاردا بە هەڵگرتنی ٢١٠ کیلۆ پلەی سێهەم‌و میداڵی برۆنزی وەدەست هێنا.

## بەڕێوەچوونی کێبەرکێ‌یەکی فووتباڵی گوڵی بچووک



بەشی وەرزیشی کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوەو فێرکردنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە نیوەی دووهەمی ساڵی ١٣٨١ی هەتاوی کێبەرکێ‌یەکی گوڵی بچووک (ریزگل)ی لە نێوان ١٨ تیمی هەڵبژێراوی ئورگانەکانی حیزبدا بەڕێوە برد.

یاری‌یەکان لە نێوان ڕۆژەکانی ٨١/٨/١٩ تا ٨١/٨/٢٢ بەڕێوە چوون‌و سەرجەم ٣٥ یاری ئەنجام دران.

لە نێوان ئەو کێبەرکێ‌یەدا تیمی "فێرگەی A"و پارێزگاری B، پلەی یەکەم‌و دووهەمیان وەدەست هێنا.

جگە لە تیمەکانی یەکەم‌و دووهەم، تیمەکانی "لاوانی ئازادی"و "دالاهۆ" وەك کەم‌تەمەنترین تیم لە مەیدانی کێبەرکێ‌داو هەروەها ٧ کەس وەك باشترین یاریزانەکانی هەڵبژێردراوی هەیئەتی داوەران، خەڵات کران.

باشترین یاریزانەکان بریتی‌بوون لە: ١ـ فەرهاد ساڵحی، ٢ـ حوسێین ڕەسووڵزادە،٣ـ هێمن قادری، ٤ـ ئاوارە موحەممەدپەنا، ٥ـ لۆقمان دەستوور، ٦ـ کەیوان فاتحی، ٧ـ موزەفەر پیشڕەو.

پێویستە بگوترێ خەڵاتی سەرکەوتووانی ئەو کێبەرکێ‌یە لە لایەن بەڕێز کاك حوسێن مەدەنی، ئەندامی دفتەری سیاسی، کاك کاوە بەهرامی، ئەندامی کومیتەی ناوەندی، کاك خالید وەنەوشە، ئەندامی موشاویری کومیتەی ناوەندی‌و کاك عومەر غوڵامعەلی ئەندامی کۆمیسیۆنی ئامووزشەوە دابەش کران.

❁❁❁

لە دەرەوەی وڵات یارمەتی‌یە ماڵی‌یەکانی خۆتان بۆ حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بدەن بەم حیسابە بانکی‌یە:

C.C.P PARIS 68040
M020
FRANCE

فیشە بانکی‌یەکەشی بۆ ئەم ئادرەسە پۆست بکەن:

A.F.K.B.P.102 75623
PARIS CEDEX 13
FRANCE

**ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران هەموو ڕۆژێ**

بەیانیان سەعات ٦/٥ تا ٨/٥

ئێواران سەعات ٦ تا ٨

بەکاتی تاران

لەسەر شەپۆلی کورتی ٧٥ میتر (فریکانسی ٣٩٨٥ کیلۆهێرتز) بە دوو زمانی کوردی‌و فارسی بەرنامە بڵاو دەکاتەوە.

بەرنامەی کوردی سەعاتی ١٢/٥ی پاش نیوەڕۆ بەکاتی تاران لەسەر شەپۆلی کورتی ٤١ میتر بەرامبەر بە ٧٢٥٠ کیلۆهێرتز دووپات دەبێتەوە.

ژمارە تەلەفون‌و فاکس بۆ پێوەندی‌گرتن بە ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران

٧٣-٨٧١٧٦٢٢٨- :تەلەفون    ٧٤-٨٧١٧٦٢٢٨-:فاکس

**بۆ هاوکاریی زیاتری هێزە دێمۆکرات‌و پێشکەوتووەکانی ئێران تێبکۆشین**

# KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan

No: 354 6 Dec 2002

بۆ خوێندنەوەی چاپەمەنیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران‌و وەرگرتنی زانیاری لەبارەی حیزب، براونە ئەم ئادرەسانەی خوارەوە لەسەر ئینتێرنێت:

www.kurdistanmedia.com
e- mail:
kurdistanmedia@yahoo.com

http://www.pdk-iran.org
e- mail:
pdkiran@club-internet.fr


بەر لە ماڵاوایی

## "منیش دەستەی ژنەکەم"!

**ع. وریا**

کاناڵی یەکی تەلەویزیۆنی ئێران، ماوەیەکە سریالێکی تازەی لە ژێر ناوی "خواب و بیدار" (خەوتوو و بەئاگا)دا، دەست پێکردوە. سریالەکە شەوانی شەمە (لەسەر یەك شەمە) بڵاو دەبێتەوە. کاری دەرهێنان (کارگردانی)ی ئەو سریالە، "مێهدی فەخیم زادە" سینەماکاری ناسراوی ئێران، کردوویەتی.

"خواب و بیدار" سریالێکی پۆلیسی‌یە کە لەباری ڕاکێشانی بینەر بە دوای خۆیدا، سەرکەوتوویە. داستانی سریال بریتی‌یە لە چالاکیی تاقمێکی سەر بە مافیا لە نێو ئێراندا کە دیارە کاری سەرەکییان کڕین‌و فرۆشتنی مەوادی موخەددیرە. "ناتاشا" سەرۆکی تاقمەکە، ژنێکی بە ڕواڵەت خاریجی‌یە کە لەو دیوی سنوورەکانەوە هاتۆتە نێو ئێران تا سەرپەرستی‌و بەڕێوەبەریی مەئموورییەتە پێ‌ئەسپێردراوەکان بکا. بەڵام لە بەختی بەدی خۆی‌و لە "زیرەکی‌و وشیاری‌و لێهاتوویی" "سەربازە بێ‌ناو و نیشانەکانی ئیمامی زەمان"واتە پۆلیسی کۆماری ئیسلامی، هەر لە سەرەتای سەفەرەکەی‌دا لەگەڵ کۆمەڵێك گیروگرفت بەرەو ڕوو دەبێ. لە یەکەم بڕگەی بەرنامەکانی‌دا، هاوکارو هاودەستێکی سەرەکیی خۆی بە یەك میلیون دۆلارەوە ـ کە ئەو پووڵە هومێدی ئەسڵیی "ناتاشا" بۆ جێبەجێ کردنی مەئموورییەتەکانی بوو ـ لە دەست دەدا. بەڵام "ناتاشا" سەرەڕای گیرانی ئەو هاوکارەی لەلایەن پۆلیسی کۆماری ئیسلامی‌یەوە ناهومێد نابێ‌و کۆڵ نادا. لە ڕێگای پەیدا کردنی چەند هاودەستەوە، دەست دەکا بە دزیی چەکدارانە لە بانکەکان‌و "صرافی"یەکان تا قەرەبووی پووڵە گیراوەکەی بکاتەوەو بۆ درێژەی مەئمورییەتەکەی، لەسەر پووڵ پەکی نەکەوێ.

بەربەرەکانیی پۆلیسی "خەڵکدۆست، بە ئیمان، دەست‌و داوێن پاك، وریا و لێهاتووی کۆماری ئیسلامی" کە "جگە لەدابین کردن‌و پاراستنی ئەمنییەت‌و ئاساییشی خەڵك هیچ فکرو مەبەستێکی دیکەیان نیە"! لەگەڵ ئەو "تاقمە دزو ئینسانکوژو بێرەحمەی سەر بە بێگانە"، تەوەرەی ئەسلیی ڕووداوەکانی سریالی "خواب‌و بیدار"پێك دێنێ.

دیارە بینەرێکی وریا کە بزانێ دەیان فیلمی ئێرانی کە لە فیستیڤاڵە گەورەو بەناوبانگەکانی جیهاندا خەڵاتیان وەرگرتوە بەڵام بەهیچ جۆرێك لە کاناڵە تەلەویزیۆنی‌یەکانی ئێران پیشان نادرێن، لە خۆی ناپرسێ حیکمەتی بڵاو بوونەوەی ئەو سریالە لە کاناڵی یەکی تەلەویزیۆنی ئێران چی‌یە؟ چونکە دەزانێ سەرەڕای ئەوەی جەنابی فیلمساز نەیویستوە بە شێوەیەکی زۆر زەق‌و بێز هەستێن مەبەستە ڕێژیم پەسندەکانی بەرێتە نێو مێشکی بینەرو، لەگەڵ ئەوەش‌دا کە مایەی بۆ ئەندامانی تاقمەکەو بە تایبەتی سەرۆکەکەیان دانـاوەو "بڕوا بەخۆ بوون"و "لێهاتوویی"و "زیرەکی"و "کارامەیی" ئەوانی دەرخستوە، سریالەکە لە خزمەت ئەو ڕێژیمە دایە. بەڵام ئایا زۆرایەتیی بینەران وا بە هاسانی دەکەونە ژێر کاریگەریی پەیامی ئەو سریالەو ئەو شوێنەیان لەسەر دادەنرێ کە هەڵسوورێنەرانی تەلەویزیۆنی کۆماری ئیسلامی‌و هەموو دام‌و دزگاکانی پشت پەردەی ئەو سریالە، مەبەستیانە؟

مرۆڤ زۆرجار دەتوانێ لە ڕووداوێکی بە ڕواڵەت یەکجار سادەو ساکارەوە، بگاتە ئاکامێکی سەرنج ڕاکێش. هەموومان قبووڵمانە کە منداڵان پتر لەژێر کاریگەریی سۆزو هەستدا بڕیار دەدەن. هەر بەو هۆیەوەش، زیاتر لە گەورەکان دەکەونە ژێر کاریگەریی فیلم‌و سریال‌و هتد، هاسانتر لە داوی مەبەستی فیلمساز دەکەون. بە سەرنجدان بەو ڕاستی‌یە دوێ شەو، کاتێك دیتم "ئاشتی" کیژۆڵەی ١١ ساڵە، بەو بارانەیە لە ماڵی خۆیان ڕا هاتبوو تا ئاڵقەیەکی دیکەی ئەو فیلمە لە ماڵی ئێمە ببینێ، هیچ چاوەڕوان نەبووم ئەگەر لێی بپرسم "لایەنگری کامیانی؟" دەست بەجێ وڵام بداتەوە: "دەستەی ژنەکەم"! هەر بە ڕاستییش لەکاتی دەست پێکردنی سریالەکەدا، وەك من ئاواتە خوازی ڕزگار بوونی "تاقمەکە"و ناکام مانەوەی لافاوی پۆلیسەکانی تەیار بەو هەموو ئیمکاناتەو فەرماندە بە ڕواڵەت مرۆڤدۆست‌و دیندارەکانیان بوو!

گومانم لەوە دانیە، زۆربەی هەرە زۆری بینەرانی ئەو سریالە، ئەوانە کە ماهییەتی ڕاستەقینەی کۆماری ئیسلامی‌و دام‌و دەزگا سەرکوتکەرەکان‌و بەرپرسان‌و کاربەدەستانی دەناسن، هەر ئەو هەستەیان هەیە. ئینسانێك کە لە مەیدانی کردەوەدا، شتێکی جگە لە سەرکوتی خەڵك‌و گرتن‌و ئەشکەنجەو ئیعدامی هاونیشتمانان لە ناوەندو دەزگا جاسووسی‌و نیزامی‌و ئینتیزامی‌یەکانی کۆماری ئیسلامی نەدیبێ‌و، ناوی هەر هێزو دامەزراوێکی ئەو ڕێژیمە، سەرکوت‌و کوشتارو دەستدرێژی‌و ئەشکەنجەو ئیعدامی وەبیر بێننەوە، تەنانەت لەو چەند دەقیقەیەش‌دا کە تەماشای فیلم یا سریالێك دەکا، ئامادە نیە خۆی فریو بداو ئەو تەسویرە واقیعی‌یەی لە مێشکی دایە، بە تەسویری دەستکردی فیلمساز، بیگۆڕێتەوە.

ئەگەر ڕێژیمێك دیکتاتۆرو دژی گەلی بوو، نە ئەو خەڵکی بە هی خۆی‌و نە خەڵك ئەویان بە هی خۆیان زانی، ئاکامەکەی دەبێتە ئەوە، هەرچی ئەو ڕێژیمە پێی باش بێ‌و بە "باش" بیناسێنێ، خەڵك خەتی بەسەر دادەکێشن‌و هەرچی‌یەکیش ڕێژیم دژایەتیی بکا، بە لایانەوە خۆشەویست دەبێ. لە ئێرانی ئەمڕۆدا، بەڵگەو نموونە لەو بارەوە ئەوەندە زۆرن کە لە گوتن نایەن.

## نووسەران لە زیندانی دیکتاتۆران دا













**مەحموود هەمزەلوو**

ئەنجومەنی جیهانیی قەڵەم کاتالۆگێکی ئامادەو بڵاو کردۆتەوە کە ناوی ٧٠٠ نووسەری بەندکراوی تێدا تۆمار کراوە. ئەنجومەنی ناوبراو توانیوێتی لە ماوی یەکساڵی ڕابردوودا ناوی ٧٠٠ کەس لە هەزاران نووسەری زیندانی کراو لەلایەن حکوومەتە دیکتاتۆرەکانەوە تۆمار بکا. لەو ٧٠٠ کەسە، ٢٣ کەس گیانی خۆیان لە دەست داوە. سێ وڵاتی ئێران، تورکیەو رووسیە، لە ڕیزی پێشەوەی خراپترین وڵاتان دان. ئەنجومەنی جیهانیی قەڵەم ڕای‌گەیاندوە کە هەر ئێستا نارەزایەتی دەربڕین بەرامبەر بە گیرانی ٦ نووسەری خستۆتە سەرووی هەموو هەوڵەکانی خۆیەوە کە بریتین لە نووسەرێکی ژنی ئیتۆپیایی، ڕۆژنامەنووسێکی چینی، شاعیرێکی پێروویی، نووسەرێکی ئێرانی‌و دوو ڕۆژنامەنووسی ئێرانی کە بە کاری سەخت‌و تاقەت پڕووکێن لە ئوردووگایەکدا مەحکووم کراون.

هەمووی ئەو نووسەرانە "تاوانیکی هاوبەش"یان هەیە کە بریتی‌یە لە "بەرگری لە ئازادیی بیرو رادەربرین‌و لەقاودانی نهێنی‌یەکانی دیکتاتۆران بە نووسین." لە نیو ناوی ئەو ٧٠٠ کەسەی کاتالۆگەکەدا دوو ڕۆژنامەنووسی بیلژیکی بەرچاو دەکەون. ئەوان چونکە ناوی سەرچاوەکانی زانیاریی خۆیان ئاشکرا نەکردوە بە جەریمەی مالی مەحکووم کراون. "تەسلیمە نەسرین"یش کە پاش ٨ ساڵ دادگایی کردنەکەی، هەروا بەردەوامە، لەو کاتالۆگەدا ناوی هەیە.

پیویستە بگوترێ ئەنجومەنی جیهانیی قەلەم لە کۆنگرەی ئەمسالی خۆیدا گرنگی‌و بایەخیکی تایبەتی دا بە وەزعی نووسەران‌و ڕۆژنامەنووسان لە ئیراندا‌و، ویرای مەحکووم کردنی ئەو رەفتارەی بەرامبەر بە سیامەك پوورزەند، ئەکبەری گەنجی، عیمادەدین باقی‌و نووسەرانی دیکە کراوە، داواکاری ئازادیی هەرچی زووتری ئەوان بوو. ئەنجومەنی جیهانیی قەلەم ژمارەیەك لە نووسەرانی خەباتگیرو راستویژی ئیرانی کە لەگەڵ رق‌و توورەیی‌و سزاو سووکایەتیی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بەرەو روو بوون، بە ئەندامی شانازیی خۆی وەرگرتوون.

سەرچاوە: سایتی ئینتیرنیتی "اخبار روز"

## نابێ گیرۆدە بوون بە ئەیدز وەك بەدناوی سەیر بکرێ

بە گویرەی تازەترین ئامارەکان کە لەبارەی گیرۆدە بووانی ئەیدز لە ئاستی دنیادا، بڵاو بۆتەوە، ٤٢ میلیون کەس لە خەلکی جیهان، تووشی ویرووسی HIV بوون کە دەبیتە هۆی نەخۆشیی ئەیدز. ٥ میلیون کەس لەو ژمارەیە، لە سالی رابردوودا، گیرۆدە بوون.

لە ریورەسمیکدا کە بە بۆنەی پازدەیەمین سالی دیاریکردنی رۆژیك (١ی دیسامبر) وەك رۆژی جیهانیی ئەیدزەوە بەریوە چوو، "کوفی عەنان" سکرتیر گشتیی ریکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان گوتی: وەك یەك چاو لی کردنی گیرۆدە بوون بە ئەیدزو بەدناوی، یەکیك لە گەورەترین کۆسپەکانی سەر ریی بەربەرەکانی کردن لەگەڵ ئەو نەخۆشی‌یەیە. چونکە ئەم جۆرە روانین‌و بیرکردنەوەیە دەبیتە هۆی ئەوەی وتوویژیك لەم بارەوە نەکرێ. هەروەها گوتی: لە بەربەرەکانی لەگەڵ ئەیدزدا، بیدەنگی بەمانای مردنە.

پەیامی ئەمسالی رۆژی جیهانیی ئەیدز، کۆتایی هینان بە فەرق‌و جیاوازی‌و هەڵاواردنی گیرۆدە بووانی نەخۆشیی ئەیدزو ویروسی HIV بوو. دەولەتی چینیش بەم بۆنەیەوە، ریورەسمیکی لە



"سالۆنی گەورەی گەل" کە ناوەندی سیاسیی چینە، پیك هینا. لەو ریورەسمەدا لەباری ئەو نەخۆشی‌یەوە زانیاری درا بە خویندکاران‌و پێیان گوترا کە ئەو پەیامە بگەیەننە سەرانسەری وڵات. ریکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان رای‌گەیاندوە وڵاتی چین ئەگەر هەنگاوی پیویست هەڵنەگرێ، لە ٨ سالی داهاتوودا لەوانەیە ژمارەی گیرۆدەبووان لەو وڵاتە لە یەك میلیون کەسەوە بگاتە ١٠ میلیون کەس.

**سەرچاوە: سایتی ئینتیرنیتی BBCPersian**

## حوسین رەزا زادە، سێ میدالی زیری وەرگرت




حەفتاو دووهەمین خولی پیشبرکێ‌یەکانی کیش هەلگرتنی قارەمانیی جیهان بە بەشداریی ١٩٨ کیش هەلگر لە ٥١ وڵاتی جیهانەوە، لە ماوەی ٨ رۆژدا لە سالۆنی "توروار"ی شاری وەرشەوی لەهیستان بەریوە چوو. پێ شبرکێ‌یەکانی گرووپی سەرووی ١٠٥ کیلۆ شەوی ٥ لەسەر ٦ی سەرماوەز بە بەشداریی ٢٣ کیش هەلگر کە یەك لەوان "حسین رضازادە" میللی پۆشی ئیرانی بوو، بەریوە چوو. "رەزا زادە" لە حەرەکەتی دوو زەربی ئەم گرووپەدا، ٢٦٣ کیلۆی هەلگرت‌و ریکۆردیکی تازەی لە جیهاندا بۆخۆی تۆمار کرد. لە حەرەکەتی یەك زەربی ئەم دستەیەشدا بە هەلگرتنی وەزنەی ٢١٠ کیلۆیی، وەپیش کیش هەلگری بولغاری "داجان دامیانوف" و "ئەرتۆن ئوداچین"ی ئۆکراییني کەوت کە یەکەمیان وەزنەی ٢٠٥ کیلۆیی‌و دووهەمیان وەزنەی ٢٠٠ کیلۆیی هەلگرتبوو.

سەرچاوە: سایتی ئینتیرنیتی "ایران امروز"

## مرواریی دەریای وشە

- راستیی تاڵ لە درۆی شیرین باشترە. — پەندێکی ئەفریقایی
- ساکارترین ڕاستی‌یەکان ئەوانەن کە مرۆڤ هەمیشە درەنگتر بۆی دەردەکەون. — لۆدویك فۆیرباخ
- ئەوەی دەیزانین دڵۆپێکە، ئەوەی نایزانین ئۆقیانووسێکە. — ئێسحاق نیوتۆن
- بۆ زاڵبوون بەسەر چارەنووسدا، هیچ کات درەنگ نیە. — ماریا هێربێرت